# سەربوردێکی ئەلفبێ و ڕێنووسی کوردی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

د. عومەر عەبدولعەزیز
دکتۆرا لە توێژینەوە ئیسلامییەکان، زانکۆی ئەوزاعی، لوبنان

## پێشەکی

لەسەر مێژووی هاتنەکایەی ئەلفبێ و شێوە پیتی کوردیی و ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە لە سەرەتاوە تا ئێستە بەسەریاندا هاتوون، قسەو باسی زۆر کراون و توێژینەوەی جۆراوجۆر لەبەردەستدان. لەبەر کەمیی سەرچاوەی متمانەپێکراویش زۆربەی بۆچوونەکان لە خەمڵاندن و بۆچوونی گوماناوییەوە نزیکن، تا زانیاریی دروست. بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بەو تەوەرەو خاڵانە دەکەین، کە بۆچوونی پشتبەستوون بە زانیاریی و بەڵگەنامەی متمانەپێکراو. بۆ ئەو مەبەستە لە چوار بەش و چەند خاڵێکدا گرنگترین زانیارییەکان لەو بارەیەوە دەخەمە ڕوو. سەرەتا لە قۆناغە دێرینەکان (واتە پێش سەرهەڵدانی پیتی عەرەبی)یەوە دەستپێدەکەم، پاشان قۆناغی دوای ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەدوایدا ئاماژەیەك دەکەم بە سەرچاوەی یەکەمی پیتە زیادکراوەکان بۆ ئەلفبێی کوردی، هەروەها باسێکیش لە بابەتی بانگەشەی نووسینی کوردیی بە پیتی لاتینیی و کاردانەوەکانی دەکەم.

هیوادارم ئەم بابەتە دەروازەیەك بێت بۆ باس و توێژینەوەی زیاترو دەسپێکێك بێت بۆ بەدواداچوونی قووڵتر لەلایەن پسپۆڕانەوە، بەتایبەتی ئەو بەشەی باسەکەمان کە تا ئێستە توێژینەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:**

دیارە ڕەنگگرتنی ئەلفبێی هەر نەتەوەیەك، کە مێژوو و ژیارو شارستانێتی هەبێت، بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، مێژووی ئەلفبێ و ڕێنووس و گیرسانی پیتەکانی زمانی نەتەوەی کوردیش، لەم حاڵەتە بەدەر نییە، بۆیە ئامانج لەم بابەتە ئاشنابوونە بە سەربوردێکی کورتی ئەلفبێی کوردیی، بە کەمێك گەڕانەوە بۆ مێژوو، تا دەگەینە قۆناغی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو.

**میتۆدی نووسینەکە:**

لەم نووسینەدا پشتمان بە شێوازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەستووەو بەڵگەنامەکانمان شیکردۆتەوە، بەسوودوەرگرتن لە کاری بەراوردکاریی نێوان هەندێك بەڵگەنامەی بەردەست.

بەهیوای سوودگەیاندن بەخوێنەرانی بەڕێزو خزمەتێکی زیاتری زمانی نەتەوەکەمان.

## بەشی یەکەم

## قۆناغە دێرینەکان (پێش بەکارهێنانی پیتی عەرەبی)[1]

**١- زانا زمانناسەکان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە سەرهەڵدان‌و ڕەنگرتنی پیت‌و (ئەلفبا)- وەك نیشانەیەك بۆ دەربڕینی دەنگ‌و ئاخاوتن- پەیوەندیی بە گەشەی ژیانی کۆمەڵایەتیی‌و پێویستیی مرۆڤەکان بە تێگەیشتن لە یەکترەوە هەیە. بەپێی خەملاندنی مێژووزانان کۆنترین ئەلف‌و بێ تایبەتە بە (فەینیقییەکان)ەوە، کە وا دیارە ئەلفبێی ئەوان - کە لە ٢٢ پیتی نەبزوێن پێکهاتبوو- بۆتە سەرچاوە بۆ ئەلفبێی زۆربەی زمانەکان. بەدوای ئەودا ئەلفبێی یۆنانی‌و ڕۆمانییەکان گەشەی کرد.**

**لە ڕۆژهەڵاتیشەوە، لەسەر بنەمای (ئەلفبێی سامی)، جۆرە خەت‌و نووسینی (ئارامیی) پەیدا بوو، کە نووسینی (عیبریی)ش لەوەوە وەرگیراوە.**

**٢- گومان لەوەدا نییە، کە لە سەردەمی (دەوڵەتی ماد)دا (سەدەی حەوتی پێش زاین)، نەتەوەی کورد وەك خاوەن دەوڵەتێك، بۆ ماوەی دوو سەدەو نیو، خاوەنی نووسین‌و ئەلفبێی تایبەت بەخۆی بووە، دووریش نیە ئەو شێوە نووسینە بە زمانی ئاینی ڕەسمیی وڵاتی کوردان بووبێت. تا ئێستە کۆنترین بەڵگەی نوسراوی بەردەستمان کتێبی پیرۆزی (ئاڤێستا)یە، کە ئەسڵەکەی کتێبی ئاسمانییەو کورد شوێنکەوتەی ئەو ئاینە بوون‌و ئەو کتێبەش کتێبی ئاینەکەیان بووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سێسەدی پێش زاین. گومانی نزیك بە دڵنیاییش بەرەو ئەوەیە، کە (زەردەشت) پێغەمبەرێکی نێردراو بووبێت بۆ ئەو گەلانەی لەو سنوورەدا بوون، کە ئێستە زۆرینەیان دابەشبوون بەسەر ئێران‌و ئەفغانستان‌و پاکستانداو نەتەوەی کوردو فارس‌و بەلوچ‌و تاڵش‌و.. هتد، بەشێکن لەو نەتەوانە.**

**ئەو (ئاڤێستا) کۆنەی دۆزراوەتەوە، لە (٦٠) پیت پێکهاتووەو لە چەپەوە بۆ ڕاست پێیان نووسراوەو نمونەیەکی تری ئەوتۆ لەو شێوە خەتە نووسراوە لەبەردەستدا نییە.**

**٣- پاش ئەو قۆناغە، بەڵگەنامەی نزیکتر بریتین لەو سێ قەباڵە گرنگەی، کە ساڵی ١٣٢٨ کۆچی مانگیی (١٩١٠ ز)، لە شاخەکانی هەورامان، لەسەردەستی موریدێکی شێخ عەلادینی بیارە، لە ناو کوڵە هەرزنێکدا دۆزرانەوە. قەباڵەکان لەسەر پێستی ئاسك نووسراونەتەوەو شێخ گەیاندوونیەتە**

---

[1] زمانناسان لەسەر مێژووی دێرینی زمان‌و خەت‌و نووسین، یەکدەنگ نین. دێرینترین‌و دیارترین زانای موسڵمان، کە قسەو لێکۆڵینی لەبارەی مێژووی دێرینی زمان‌و خەت‌و نووسین هەیە (أبو الفتح، عوسمانی کوڕی جیننی موسلی) یە، کە بە (ابن الجنی) ناسراوەو لە ساڵی ٣٩٢ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. مێژوونوسی گەورە (زەهەبی) بە (إمام العربیه) ناساندوویەتی، (ابن الجنی) سەبارەت بە دیاردەی سەرهەڵدانی زمان، باس لە چەند تیۆرییەك دەکات، لەوانە: (تیۆری ئیلهامی خودایی)و (تیۆری دەنگ)، کە دووەمیانی پێ گونجاوترەو لەو بارەیەوە دەڵێت: "هەواڵێکی دروست نەهاتووە، کە بیسەلمێنێت زمان (تەوقیفی) یەو بە ئیلهام هاتووە." بۆیە ئاماژە دەکات بەو تیۆرییەو پێی وایە: "ئەسڵی زمانەکان لە دەنگە بیستراوەکانەوە هاتووە، وەك: گڤە گڤی ڕەشەباو گرمەی هەورو هاژەو خوڕەی ئاوو، هتد.. پاشان زمانەکان لەوانەوە پەیدا بوون." بڕوانە بەرگی (٣) لە کتێبی (صبح الأعشی)ی (قەلقەشەندی)، کە بە درێژی باسی سەرهەڵدانی زمان‌و خەت‌و نووسینی کردووە. (ابن الجنی)ش لەبارەی زمانەوە کتێبێکی بەناوی (الخصائص) هەیە. دیارە ئەو بۆچوونانە دەربارەی سەرهەڵدانی زمان، کۆن‌و تیۆری زانستیی نوێ ئەوەیە، کە زمان بە شێوەیەکی بایۆلۆژی لە لایەن خوای کردگارەوە بە مرۆڤ بەخشراوە. (بۆ درێژەی ئەم بابەتە، دەکرێ خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ: (علی عبد الواحد ،علم اللغة. إبراهیم أنیس، دلاله الألفاظ..)

**دەستی پرۆفیسۆر (براون)و لەویشەوە دراون بە پرۆفیسۆر (مێنس) پسپۆڕی خەتناس‌و شارەزای زمانی یۆنانی. دواتر دەرکەوت یەکێك لەو قەباڵانە، بۆ ساڵی (٨٨) ی پێش زاین دەگەڕێتەوەو بەشێوەی ئارامیی یۆنانییەو لە پشتەوەش چەند وشەیەکی پەهلەوییە، دووانەکەی تریش پەهلەوین‌و بۆ ساڵی (١٢) ی پێش زاین، دەگەڕێنەوە، یان (٢٢)ی پاش زاین، لە سەردەمی فەرهادی چوارەمی پادشای ئەشکانییەکان.[٢]**

**٤- پاش ئەو نمونانەو ئەو سەردەمە، نزیکترین بەڵگەنامە، ئەو(شێوە ئەلفبیٚ)یە کوردییەیە، کە کەسایەتییەکی سەدەی سێی کۆچیی بەناوی (ابو بكر النبطي) لە کتێبێکیدا بەناوی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام) کە لە ساڵی (٢٤١ ك/٨٢٠ ز) نووسیویەتی. بە بۆچوونی ناوبراو پێش هاتنی ئیسلام‌و تا ئەوکاتەش کە ئەوی تێدا ژیاوە، واتە: سەرەتای سەردەمی عەباسییەکان، کورد ئەلفبێی خۆی‌و شێوەپیتی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە لە ٣٧ پیت پێکهاتوون‌و پێی وتراوە: (خەتی ماسی سۆراتی)و وێنەکەشی پیشان داون کە لە شێوەی پیتەکانی میسری‌و هرمسی‌و کلدانیدان‌و باس لەوەش دەکات ٣٠ دانە کتێبی کوردیی بەوشێوە نووسینە لە بەغدا بینیوەو دووانیشی لێوەرگێڕاون بۆ زمانی عەرەبی، ئەوەش دەریدەخات کە ناوبراو زمانی کوردیشی زانیوە.[٣]**

**٥- بەپێی بۆچوونەکەی (أبو بكر النبطي) وا دیارە کوردان تا دوو سێ سەدە پاش هاتنی ئیسلامیش بەو شێوە خەتە (ماسی سۆراتی)یە نووسیویانە، کە تایبەت بە نەتەوەی کورد بووە، چونکە بوونی ٣٠ کتێب لە شاری بەغداو وەرگێڕانی هەندێکیان بۆ عەرەبیی - وەك (النبطي) دووپاتی دەکاتەوە- نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کتێبانەو هاوشێوەیان لەبەردەستدا بوون‌و خوێنراونەتەوەو نووسینیش بەو شێوە خەتە هەبووە. هەرچەند ئەگەری ئەوەش هەیە، کە ئەو کتێبانە بەشێوەی دیکۆمێنت‌و مۆزەیی هەڵگیرابن‌و (النبطي) بە حوکمی شارەزابوونی لە زمانی کوردیی، سوودی لێوەرگرتبن‌و وەریگێڕابنە سەر زمانی عەرەبیی، کە بەلای منەوە ئەمەیان ئەگەرێکی دوورترە.**

**٦- پاش ئەو قۆناغە، سەردەمی بەکارهێنانی ئەو ئەلفبێیە دێتە ئاراوە، کە بە پیتی عەرەبی ناسراون. ئەڵبەتە زۆربەی توێژەران هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەم شێوە پیتە عەرەبییانە لە ئەبجەدییەتی (ئارامی)یەوە گەشەیان کردووەو بنەڕەتیان بۆ زمانی سامی دەگەڕێتەوەو لەڕێی (نەبەتی)یەکانەوە - کە نیشتەجێی ناوچەی (حۆران)ی شام بوون- بەهۆی بازرگانانی عەرەبەوە، گوێزراوەتەوە بۆ دورگەی عەرەبی.[٤] شایانی باسە قورئان باسی ئەو کۆچە بازرگانییەی زستان‌و**

---

[٢] بڕوانە: ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی، تاریخی مەردۆخ، تاران، نەشری کارنگ، لا: ٥٣، هەروەها: تاریخ زبان فارسی، د. پرویز نادر خانلری، لا: ٢٥١.

[٣] بڕوانە: ابن وحشیه النبگی، (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، بیروت، دار الفکر،٢٠٠٣، ص: ٢٠٤–٢٠٥). بەندە لەسەر ئەم کتێبە توێژینەوەیەکم کردووە بەناوی: (شێوە ئەلفـو بێی کوردیی، پێش ئیسلام‌و نموونە دەگمەنەکەی (أبوبکر النبگی) لە کتێبی (شوق المستهام)دا)، خودا یار بێت بڵاوی دەکەمەوە.

[٤] محمود الجبوری، لە: نشأة الخط العربي، هەموو ئەو قۆناغانەی ڕوون کردووەتەوە.

**هاوینی قورەیش دەکات، دەفەرموێت: (لإيلاف قريش إيلافهم، رحلة الشتاء والصيف..)، کە یەکێك بووە لە هۆکارەکانی گەشەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی دورگەی عەرەبی، دیارە وڵاتی یەمەنیش لە بنەڕەتدا زێدی (سامیی)ەکان بووە.**

**ئەو ڕێنووسە ئەوەیە کە تا ئێستەش بەردەوامە، لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاریدا، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا، بەسەر شێوەی پیتەکاندا هات، گۆڕانکارییەك کە خودی پیتە عەرەبییەکانیش لە سەدەی یەك و دووی کۆچیدا بەسەریاندا هات.[5] کە ئەم گۆڕانکارییە بۆ هەموو شێوە نووسینی زمانەکانی دونیا دەچێتە خانەی گەشەکردن و کامڵبوون. دەکرێ بەراوردێك لە نێوان ئەو خەتەی حەوت چامەکەی عەرەب (المعلقات السبع)ی لەسەردەمی پێش ئیسلامدا پێ نوسراوە، لەگەڵ ئەو شێوە خەتەی ناونرا خەتی کوفی و قورئانی شارەکانی پێنوسرایەوە، بکەین، کە پیتە نوختەدارەکان نوختەیان نیە، لەگەڵ ئەو قورئان و نوسینانەی تر کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا خاڵ و نوختەیان بۆ زیادکراوە، تا دەگاتە داهێنانی (سەرو بۆرو ژێر)، کە ئەمە بۆ ئەلفبێی عەرەبیی نموونەی ئەو گۆڕانکاریی و گەشەیەن کە باسمان کرد.**

## بەشی دووەم

## قۆناغی پاش ئاینی ئیسلام

**١ – ڕێنووس و ئەلفبێی کوردیش هەمان باری بەسەردا هات، لە سەردەمانێکدا کتو مت وەك عەرەبی بەکار دەهێنران، بەبێ بزوێن و بەبێ دانانی پیت یان نیشانە بۆ دەنگەکانی (پ، چ، ڕ، ژ، ڤ، گ، ڵ، ۆ، ێ، ـە)، لە هەندێك کاتدا بۆ بزوێنەکان لە ئیملای کوردیدا هەمان نیشانە عەرەبییەکانی سەرو ژێرو بۆرو زەنەو چوکڵەو هەڵکشان و داکشان: (الفتحة، الكسرة، الضمة، السكون، المد..) بەکار دەهێنران، بۆ نموونە مەولانا خالدی شارەزوری لە کتێبێکیدا بەناوی (لبّ العقائد) لە ساڵی (١٨١٨)ی زاینیدا ئەو ڕێبازەی پەیڕەو کردووە.**

**دواتر بە چەندین قۆناغ ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەلفبێی کوردیدا هات، لە ساڵانی١٨٠٠ ی زاینی بەدواوە هەرجارە پیتێك یان نیشانەیەك زیاد کرا، کە ناتوانین بە ڕێکی و تەواویی بڵێین ئەو قۆناغە سەرەتاییانە لە کەی و لە کێوە سەریانهەڵداو یەکەمین کەس، کە پیتە زیادکراوەکانی لەسەر ئەلفبێی کوردیی زیادکردووە کێ بووە..؟ بەڵام سەرەنجام ئەو پیتانە، کە ئاماژەمان پێ کردن، زیاد کران و لەم قاڵبەی ئێستەدا چەسپان. تەنها ئەوەندە هەیە، کە ئەو کتێبەی (لب العقائد)ی مەولانا خالدی شارەزوری، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، پیتی (پ، چ، ـە)ی بەکار هێناوە، بۆ نمونە بەڕێنووسی ئەو کاتە نوسیویەتی: "<u>چاومن پی دكوی او بچاو دله</u>.." واتە: "چاومان پێدەکەوێت، ئەوە بەچاوی دڵە. مەولانا لەجێی بزوێنەکان سەرو ژێرو بۆرو زەنەی لەسەر پیتەکان داناوە.[6]**

---

[5] پیتە عەرەبییەکان لە سەرەتاوە خاڵ (نوقتە)یان نەبوو، دواتر لە پەنجاکانی سەدەی یەکەمی کۆچیدا (أبو الأسود الدؤلي)– کە زانایەکی گەورەی تابعی بوو، ساڵی (٦٩)ی کۆچی وەفاتی کردووە – ئەو داهێنانەی کردو بۆ یەکەمجار خاڵی بۆ پیتەکان دانا، ناوبراو بە پادشای زانستی (نەحو) ناو دەبرێت، لەبەر ئەوەی داهێنەری ئەو زانستەیە.

[6] لە کۆتایی ئەم باسەدا، بڕوانە: نمونەی ئەو کتێبەی مەولانا خالدو نمونەی ئەو دەقەی سەرەوە، لە دوا دێڕدا ببینە.

**٢- بەڵگەنامەکانی بەردەست پێماندەڵێن کە دوای مەولانا (١٨١٨ ز)بە نزیکەی ٤٠ ساڵێك، بزوێنی (ـە) لەچاپکردنی کتێبی (عادات‌و رسوماتنامەی أکرادیە)ی دانراوی مەلا مەحمودی بایەزیدی لە ساڵی ١٨٥٦ لە بوتروسبورگ (لینینگراد)، بەکارهاتووە. مستەفا نەریمان، دەڵێت: "ئەوی زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت ئەمەیە کە لە کتێبی (عادات‌و رسوماتی أکراد)دا لە جیاتی سەر (فەتحەی عەرەبیی) بزوێنی (ـە) بەکار هێنراوە، وەك: (کرینە، گوتینە)،"[7] بەڵام وا دیارە مامۆستا مستەفا نەریمان ئاگادار نەبووە، کە مەولانا خالد پێش مەلا مەحمود، بە دەیان ساڵ ئەو بزوێنەی بەکار هێناوە، بۆ نموونە لەو ڕستەیەی لە سەرەوە هێنامان، نووسیویەتی: "بەچاوی دڵە.."**

**پاش ئەویش (یوسف ضیاء پاشا)، (١٨٤٢□١٩٠٦)، لە کتێبی (الهدیة الحمیدیة، في اللغة الکردیة)دا، کە ساڵی ١٨٩٤ لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە، لەجێی سەرو ژێرو بۆری عەرەبی (الفتحة، الکسرة، الضمة)، پێشنیاری بزوێنەکانی (ـە)، و (ی)کردووە، هەروەها هەستی بە بوونی دوو دەنگی دیکەش کردووە: واوی کراوە (ۆ)و یێی کراوە(ێ)،[8] بۆ جیاکردنەوەشیان لە دەنگی (و) و (ی)ی ئاسایی، نیشانەیەکی هەشت (٨) ی بچوکی لەژێریاندا داناوە، جگە لەوە کە پیتی (ڤ) یشی لەو کتێبەیدا داناوە.**

**٣- ساڵی ١٩٠٣ نووسەری ئەڵمانی (ئەلبێرت فۆن لۆکۆك) چەند تێکستێکی کوردیی لە ئەڵمانیا چاپ‌و بڵاوکردەوە، بیست داستانی کوردی، لەگەڵ (نووبەهارا بچوکان)و (عەقیدا ئیمانیٚ) ئەحمەدی خانی‌و مەولودنامەیەکی کوردیی مەلای باتەیی، کە پیتەکانی (پ، چ، ژ)یان بە هەمان شێوەی ئێستە تێدا بەکارهێنراوە.[9]**

**٤- سەرەڕای ئەم ڕاستییانە، گیو موکریانی، وای دەردەخات، کە لە ساڵانی ١٩١٤ بۆ ١٩٢٩، لەگەڵ (حوزنی موکریانی) برایدا، هەندێك لەو پیت‌و نیشانانەیان، بۆ ئەلفبێی کوردیی زیاد کردووە، بەڵگەشی ئەوەیە کە (حوزنی موکریانی) یەکەم کەس بووە چاپخانەی لە ئەڵمانیا کڕیوەو ساڵی ١٩١٤ لە حەڵەب دایمەزراندووە، لەم زەمینەیەدا گیو دەڵێت: "بڕیارمان دا لە جیاتی سەر (ـە)و لە جیاتی بۆر (و)و لەجیاتی ژێر (ی) دابنێین ."[10] لە کاتێکدا وتمان کە مەلا مەحمودو سوشف زیا پێش ئەوان ئەو کارەیان کردووە.**

**٥- خەلیل خەیالی مۆتکی[11] (١٨٧٦ – ١٩٢٦ ز)- کە قوتابی‌و پەروەردەبووی دەستی عەللامە سەعیدی نورسی یە (١٨٧٦-١٩٦٠ز)و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (تەعاون‌و تەرەققی کورد)و ئەندامی کۆمەڵەی (هێڤی)و کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان)و نووسەرێکی بەردەوامی**

---

٧ مستەفا نەریمان، ڕێنووسی کوردیی لە ڕەگ‌و ڕیشەوە، بەغدا، ١٩٨١، لا: ١٧.

٨ بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردیی، چاپی ٢، ئاراس، ٢٠١٠، ٥٢/١.

٩ ئەو تێکستانە ساڵی ١٩٠٣ لە لە لایەن ئەلبێرتەوە لە بەرلین چاپ کراون، ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن بەڕێز نەجاتی عەبدوڵڵاوە جارێکی تر چاپ کراونەوەتەو پێشەکی بۆ نووسیون. (بڕوانە: ئەلبێرت فۆن لۆکۆك، تێکستی کوردی، پێشەکی‌و لەچاپدانەوەی نەجاتی عەبدوڵڵا، ئاراس، ٢٠٠٧ ز).

١٠ ئەلف و بێی کوردیی وێنەدار بە پیتی لاتینی، گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٧٢، لا: ١٣.

١١ خەلیل خەیالی سەر بە هۆزی (مۆدان)ە، لە قەزای (موتکی) سەر بە (بتلیس)، لە باکووری کوردستان. ساڵی ١٨٧٦ هاتووەتە جیهان‌و ١٩٢٦ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خەلیل خەیالی، بڕوانە: مسألە کوردستان، زنار سلوبی، لا: ٣٣– ٣٥.

گۆڤارەکانی (کورد)و (ڕۆژی کورد)و (هەتاوی کورد) بووە- یەکەم کەسە کە ساڵی ١٩٠٩ شێوە ئەلفبێی نوێی کوردیی بەناوی (ئەلفبای کرمانجی)[١٢] نووسی‌و لە شاری ئەستەمبوڵ چاپی کرد، کە تیایدا پیتی (پ، چ، ژ، ڤ، گ)و بزوێنی (ە)ی بەکار هێناوە.[١٣] شایانی باسە (سەعید نورسی) ئەم قوتابییەی خۆی زۆر خۆشویستووە، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە زۆر دڵسۆزی نەتەوەکەی بووە. بۆیە نورسی لە یەکێك لە کتێبەکانیدا، دەڵێت: "با نمونەی میللەتپارێزێکتان بۆ باس بکەم، کە بریتییە لە خەلیل خەیالی مۆنتکیی ئەفەندیی، لە ڕاستیدا لەوکاتەوە کە لە مەعدەنی کوردستاندا گەوهەرێکی وامان دۆزیوەتەوە، هیوا بە داهاتوومان پرشنگ دەبەخشێتە گەوهەرو زێڕەکانی تر."[١٤] هەروەها دەڵێت: "خەلیل زۆر وەفاداربوو بۆ بەرژەوەندییە میللی (نەتەوەیی)یەکان لەهەموو بوارەکاندا.. بە ڕاستی ئەو بوو کە بنەمای بۆ ئەبجەدیەت‌و (ئەلفبا)و ڕێزمانی زمانەکەمان دانا."[١٥]

ئەم ڕاستییە کە (خەلیل خەیالی) دانەری (ئەلفبای کوردی)یە لە لایەن هەموو ڕووناکبیرەکانی نێزیك لەو سەردەمە، پشتڕاست کراوەتەوە، زنار سلوپی (قەدری جەمیل پاشا) دەڵێت: "خەلیل، ڕێزمانی زمانی کوردی نووسی‌و فەرهەنگنامەیەکی کوردی لە ساڵی(١٩٠٠)ە وە دەست پێکردو غیرەتی چەندین لاوی لە ئەستەمبوڵ جووڵاند بۆ هاوکاریی."[١٦] بۆیە "گونجاوە بەڕاستی خەلیل خەیالی بە بیرمەندو دامەزرێنەری ئەلفبێی کوردی بژمێردرێت، ئەو ئەلفبێیەی تا ئێستە لە کوردستانی عیراق‌و ئێران بەکار دەبرێت."[١٧]

خەلیل لە گۆڤارەکانی (ڕۆژی کورد)و (هەتاوی کورد) دەربارەی خوێندن‌و نووسین‌و ڕێنووس‌و ئەلفبێی کوردی، وتارو بابەتی زۆری نووسی. تەنانەت دکتۆر کەمال مەزهەر، پێیوایە کە یەکەم کەس بووە هەوڵی لێکنزیکخستنەوەی لەهجەکانی داوەو لە خەمی هێنانەدی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوودا بووە.[١٨]

خەلیل لە کتێبەکەیدا (ئەلفبای کرمانجی)، جگە لە ٢٩ پیتە عەرەبییەکە، هەر یەك لە پیتەکانی: (پ)، (چ)، (ژ)، (ڤ)، (گ)ی، زیاد کرد. پاشان بۆ هەموو حاڵەتەکانی سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی وشە، نمونەی هێناوەتەوە، جۆری بەکارهێنان‌و ئاخافتنی پیتەکانیشی بە نموونە خستووەتە ڕوو.[١٩]

---

١٢ لەسەر بنەڕەتی وشەی (کرمانج) ڕای جۆراوجۆر هەن: هەندێك پێیانوایە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (کوردمانج)و پیتی (دال)ەکە بە تێپەڕینی کات، لەبەر ئاسانکاریی ئاخاوتن، خوراوە. هەندێکی تر پێیانوایە (کرمانج) ناوی شاری کرماشان بووە لە خۆرهەڵاتی کوردستان، (کرمانجشار). هەندێکیش گومان دەبەن کە بنەڕەتی کرمانج (کورد ماد) بووبێت. لە هەندێك ناوەندی کوردی باکوری کوردستاندا وشەی کرمانج بە واتای جوتیاران، یان گوندنشینان، بەکاردێت. (بڕوانە: المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، بدرخان السندي. حول اللغة العربية، صلاح سعد الله. وتاری (کرماشان)ی صەلاح مەندەلاوی لە سایتی گلگامش).

١٣ لە پاشکۆی ئەم باسەدا، بڕوانە: وێنەی بەرگی ئەو کتێبەو وێنەی پیتەکانی ئەلفبای کوردی بەلای (خەیالی)یەوە.

١٤ سەعید نورسی، ئیکی مکتب مصیبت شهادتنامەسی، لا: ٩.

١٥ مەبەستی نورسی کتێبی (ئەلفبێی کرمانجی) یە کە (خەلیل) ساڵی ١٩٠٩، بڵاوی کردەوە.

١٦ زنار سلوبی، مسألە کردستان، بیروت، ١٩٧٧، ص: ٣٣.

١٧ الألفباء الكردية بالحروف العربية، هۆگر طاهر توفيق، الدار العربية، بيروت، ٢٠٠٦، ص: ٢٥.

١٨ بڕوانە: هۆگر طاهر، الألفباء الكردية، ، ص: ٣٧.

١٩ بڕوانە: وێنەی ( ئەلفبای کرمانجی) خەلیل خەیالی‌و نمونەیەك لە حاڵەتی نوسینی پیتەکان.

ئەمە زانیاریی و ڕاستییەکی مێژووییە، کە زۆر کەس تێیدا بەهەڵەدا چوون، زۆرکەس پێیانوایە کە (حسین حوزنی موکریانی)و (تەوفیق وەهبی) یەکەم کەسن، کە ئەلفبای کوردییان بەکار هێناوە، (جەلیلی جەلیل) یەکێکە لەوانە.[20] بەڵام ئەمە هەڵەیە، ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە دەیان ساڵ پێش (حوزنی)، (خلیل خەیالی) ئەو کتێبەی (ئەلفبای کرمانجی) نووسیوە، چونکە ساڵی ١٩٠٩ چاپکراوە، هەرچەند (حوزنی) یەکێکە لەوانەی خزمەتی زۆری بە نووسین و مێژوو و زمانی کورد کردووە، بۆیە بۆچوونەکەی (سەعید نورسی) تەواوە، کە خەلیل بە یەکەم داهێنەرو دانەری ئەلفبێ و یەکەم نوسەری ڕێزمانی کوردیی دادەنێت.

ماوەتەوە ئەوەش بزانین، کە "خەلیل خەیاڵی زمانەکانی فەرەنسیی و عەرەبی بەباشی زانیون، هەستی بە کێشەو نەدارییەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو لایەکەوە کردووەو ویستویەتی چارەیان بۆ بدۆزێتەوە... لە ئەستەمبوڵ پەیوەندیی لەگەڵ منداڵانی بنەماڵە کوردەکاندا -کە لەوێ خوێندوویانە- هەبووە، زانیاریی سەبارەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردیی پێداون و بەوجۆرەیش هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستیی کوردستانی لە دەروونیاندا جووڵاندووە.. جگە لەوە سەرقاڵی بەڕێوەبردنی بڵاوکراوە پەروەردەییەکانی ڕێکخراوی (تەعاون و تەرەققی کورد) بووە."[21] هەروەها دامەزرێنەری یەکەم قوتابخانەی کوردیی بووە، کە ساڵی١٩١٠ لە ئەستەمبوڵ بە ناوی (قوتابخانەی سەرەتایی نموونەیی کوردیی دەستووری) (کرد نمونە ابتدائی مەشروتە)، کرایەوەو وانەی فێربوونی کوردیی تێدا گوتەوە).[22]

٦- دوابەدوای ئەو دەستپێشخەرییە مێژووییەی (خەلیل خەیاڵی)، کۆمەڵەی (هێڤی) لە ساڵی ١٩١٢- دووساڵ پاش چاپبوونی کتێبەکەی خەلیل- دامەزرا، یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکەش خەلیل خۆی بوو.[23] ڕێکخراوەکە بەشێکی کردەوە بەناوی (بڵاوکردنەوەی فێرکردن و چاکسازیی لە پیتەکاندا). بۆیە لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)دا چەند وتارێکیان لەسەر ئەلفبای کوردی و ڕێکاری چاککردنی گرفتەکانی نووسی،[24] دواتر ئەم ڕووناکبیرە خەمخۆرە چەندین وتاری لەسەر ئەم بابەتە نووسی، لە هەندێك لە وتارەکانیدا باس لەوە دەکات کە دەکرێت هەموو شێوازەکان ئەلفبایەکی یەکگرتوویان هەبێت. لە وتارێکیدا بە ناوی (زمان و نەخوێندەواری کورد)، ڕەخنە لە خوێندەواری کورد دەگرێت کە قسە دەکەن و بە کوردیی ڕاڤە دەکەن، بەڵام نازانن بە زمانی خۆیان بنوسن و بە تورکی و عەرەبی و فارسی دەنوسن. بۆیە دەڵێت: "ئێمە چاوەڕێی زانایانی موسڵ و دیاربەکرو بتلیس و وان و ئەرزڕوم و بەغداو سنەو سلێمانی و کەرکوك و خەربووت دەکەین و پاش وەڵامدانەوەمان لە سێ مانگ یان چوار مانگی داهاتوودا، چۆنیەتی خوێندنەوەو

---

٢٠ بڕوانە: جلیلی جلیل، نهضة الأکراد الثقافیة والقومیة، بیروت، ١٩٨٦، ص: ١٣٢.

٢١ هەمان سەرچاوە، لا: ٤٢.

٢٢ بڕوانە: مالمیسانژ، القومیة الکردیة، ص: ٤١.

٢٣ بڕوانە: زنار سلوبی، مسألە کوردستان، ص: ٣٨. شایانی باسە زنار سلوپی (قەدری جەمیل پاشا) خۆیشی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (هێڤی).

٢٤ وەك نموونە، بڕوانە (ڕۆژی کورد)، ژمارە (٢)، لە تەمووزی ١٩١٣.

نووسین بە زمانی کوردیی ڕادەگەیەنین".[٢٥] جێی ئاماژە پێکردنە کە ناوبراو لە هەندێك ژمارەی (ڕۆژی کورد)دا، بە ئیمزای (مۆرانی، خ) بابەتی نووسیوە.

لە ژمارە (١)ی (ڕۆژی کورد)دا کە لە ١٤/رجب/١٣٣١ ك/(١٩١٣ز) دەرچووە، کەسێك بە ناوی (مەسعودی سلێمانەیی) بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە بە ناوی (پیتەکانمان‌و بە ئاسانی خوێندنەوە)، زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر چارەسەری نەبوونی ئەلفبێ‌و پێویستی گونجاندنی پیتە عەرەبییەکان لە گەڵ زمانی کوردی.[٢٦]

لە ژمارە (٢)ی هەمان گۆڤاردا بابەتێکی تر لە ژێر ناونیشانی (پیتەکانمان‌و ئاسانکردنی خوێندنەوە) لە لایەن کەسێکەوە بەناوی (م. ص. ئازیزی) بە زمانی تورکی بڵاو کراوەتەوە، تیایدا دەستپێشخەرییەکەی مەسعودی سلێمانەیی دەنرخێنێت‌و نموونەیەك شیعری کوردی لەسەر ئەو شێوە نوێیە دەنووسێ.[٢٧] سەیر ئەوەیە هەر لەوساڵەدا لەگۆڤاری (هەتاوی کورد)[٢٨]دا (مەولان زادە ڕەفعەت)- بەرپرسی ڕۆژنامەی سەربەستی‌و ئەندامی پێشووی ئیتتیحادو تەرەققی-داوادەکات، کە ئەلفبێی (ئۆردو) بەکار ببرێت.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە ئەو گۆڤارەی (ڕۆژی کورد)، کە ساڵی١٩١٣ دەرچووە، پیتەکانی: (پ، چ، ژ)، هەروەها بزوێنی (ـە)ی بەکارهێناوە، دواتر، کە (ڕۆژی کورد) وەستاو (هەتاوی کورد) بەدوایدا دەرچوو، ڕوناکبیران درێژەیان بەو بیرۆکەیەی (خەلیل خەیالی) وروژاندی، دا، بۆیە لە ژمارە (١)ی (هەتاوی کورد) کەسێك بە ناوی (زەهاوی زادە، ا. م) دەڵێت :"دەبێ پیتی عەرەبی قبووڵ بکەین، بەڵام هەندێك بزوێنی تایبەت بە زمانی کوردیی زیاد بکەین، وەك نیشانەکانی قەڵەوکردن (تەفخیم)، بۆ جیاکردنەوەی پیتەکان، پاش ئەوە ئاسان دەبێت کە ڕێزمان‌و (صەرف)و (نەحو) بکەینە پرۆگرامی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستان" [٢٩]

٧ـ دوابەدوای (ڕۆژی کورد)، گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبوڵ کەساڵی ١٩١٦ دەرچووە، پیتەکانی (پ، چ، ژ، گ، ـە)ی بەکار هێناوە. بۆ نمونە شیعرێکی قازی زادە محەممەد شەوقی بڵاوکردووەتەوە، کە بەشێك لەو پیتانەی تێدایە. دەڵێت: (بە هەمان ئیملای ئەو کاتە):

بە بی تو عالم دل، غرق دریای یأس‌و حرمانە   تماشا کە: شپول اورو چلون سرریژ چاوانە

بە ڕێنووسی نوێ:   بەبێ تۆ عالەمی دڵ غەرقی دەریای یەئس‌و حیرمانە

تەماشا کە شەپۆل ئەورۆ چلۆن سەرڕێژی چاوانە؟ [٣٠]

وەك دەبینین لەو بەیتەدا پیتەکانی: (پ، چ، ژ، ـە ) بەکار هێنراون، بەڵام زۆر لەو گۆڤارە ورد بوومەوە، پیتەکانی (ڕ)، (ڵ)، (ۆ)، (ێ)م نەکەوتنە پێش چاو.

---

٢٥ ڕۆژی کورد، ژمارە ٢، لە ١٩١٣/٧/١٩.

٢٦ بروانە ژمارە (١)ی ڕۆژی کورد، دەقی وتارەکە تورکییە، لە لایەن شکور مستەفاوە کراوە بە کوردی، (ڕۆژی کورد، ئامادەکردنی عبدالله زەنگەنە، بنکەی ژین،٢٠٠٥، لا: ١٤٦).

٢٧ ڕۆژی کورد، ژمارە ٢، لە (١٩١٣) زاینی، دەرچووە. (هەمان سەرچاوەی سەرەوە).

٢٨ ژمارە (٢)ی گۆڤاری هەتاوی کورد، کانونی یەکەمی ١٩١٣.

٢٩ هەتاوی کورد، ژمارە (١)، ١٩١٣/١٠/٢٤.

٣٠ ژمارە (٤)ی (ژین)، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٦.

**کەواتە پێش لە چاپکراوەکانی باکووری کوردستانو هەوڵە نرخێنراوەکانی گیو موکریانیو حوزنی برایو تەوفیق وەهبی، لە ئەستەمبوڵی عوسمانی ئەو پیتە زیادکراوانە لەسەر ئیملای عەرەبیی قسەی زۆریان لەسەر کراوەو بەکار هێنراون، وەك: (پ، چ، ژ، ڤ، گ، ـە..) هتد.**

**پێویستە ئەوەش ڕوون بکەمەوە، کە من لەم باسەدا مەبەستم کەمکردنەوەی بایەخی هەوڵە کەموێنەکانی گیوی موکریانیو حوزنی برای نییە، کە خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە زمانو فەرهەنگو مێژووی نەتەوەکەمان کرد، بەڵام باسەکە باسی مێژووەو مەبەست ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە، پێویستە ڕاستییان بکەینەوەو نەهێڵین سەدەیەك زیاتر بەسەریاندا تێبپەڕێت.**

**٧ـ ساڵی ١٩١٩ دەزگایەکی ئەمریکی بە ناوی (بیبل سۆسائیتی) چوار ئینجیلی (مەرقوس، لۆقا، مەتا، یۆحەننا)، بە کوردی بڵاو کردەوەو بۆ یەکەمجار نیشانەی حەوت (٧) خراوەتە سەر لام بۆ قەڵەوکردنی، واتە شێوەی (ڵ)،[٣١] بەڵام لە گۆڤاری (بانگی کوردستان)ی سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمود – کە سێ ساڵ پاش ئەو ئینجیلانە، واتە لە ساڵی ١٩٢٢ یەکەم ژمارەی لێدەرچووە– پیتەکانی (ڕ، ڵ، ۆ، ێ، ێ) نابینرێن، بەڵام پیتەکانی (پ، چ، ژ، گ، ـە) بەکار براون.**

**٨– دوای ئەو قۆناغەی سەردەمی خەلیل خەیاڵیو هاوکارانی، چالاکییەکان بۆ چاکسازیی لە ئەلفبێی کوردیدا بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٢٩ تەوفیق وەهبی (دەستووری زمانی کوردیی) لەسەر داوای وەزارەتی مەعاریفی عیراق نووسییەوە. نیشانەی حەوتی لەسەر واوو یێ، دانا، واتە: (ۆ)، (ێ). هەروەها نیشانەی لەژێر ڕێی قەڵەو، واتە: (ڕ)، دانا.**

**لە ١٩٢٨ دا سەعید صدقی (موختەصەری صەرفو نەحوی کوردیی) بڵاو کردەوە. لە ١٩٣٠ دا مەعروف جیاووك (بەرگی ئیملای کوردیی) داناو بزوێنەکانی (ـە، و، ی)ی لە جێی سەرو بۆرو ژێری عەرەبی بەکارهێناو ڕەخنەی گرت لەو کەسانەی کە بانگەشە بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی دەکەن.[٣٢]**

**٩– لە ساڵانی ١٩٣٣ بۆ ١٩٤٩ هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ)و (دەنگی گێتی تازە)[٣٣] سوودیان لەو گۆڕانکارییانە بینی، کە پێشتر ئاماژەم پێ کردن، بەڵام گەلاوێژ زیاتر گرنگیی بەڕێنووسی نوێ دا.**

**لە پەنجاکانیشدا مەلا کاکە حەمەی حاجی مەلا سیف الله، پێشنیارێکی سەیرو نامۆی خستە ڕوو، ئەویش ئەوەبوو، کە ڕێنووسێکی داهێنا، کە ٣٨ پیتی عەرەبیو کوردیی دابەش کرد بەسەر (٩) بەشدا، واتە: ژمارە (١) بۆ (٩). کورتەکەی بەم جۆرە بوو: (ا، ب، ت، پ): کە ئەم نیشانانەی بۆ دانان: (١ٚ، ١ٖ، 1ُ، ء١). واتە (سەرو ژێرو بۆرو زەنەی عەرەبیی خستە سەر ژمارە یەك بۆ ئەو**

---

٣١ بڕوانە: مستەفا نەریمان، ڕێنووسی کوردیی، لا: ١٩.

٣٢ بڕوانە: مەعروف جیاووك، بەرگی ئیملای کوردیی، بەغدا، ١٩٣٠، لا: ١٠–١٢. ئەم کتێبە بە سوپاسەوە بە ئامادەکردنی د. ئازاد عوبەید، ساڵی ٢٠١١، لە لایەن (بنکەی ژین)ەوە لە سلێمانی، لەگەڵ سەرجەم بەرهەمانی مەعروف جیاووك چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٣٣ گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە): ساڵی ١٩٤٤ لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتیی باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغدا دەردەهێنرا. تایبەت بوو بەڕوماڵکردنی هەواڵو ڕاپۆرتەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی. تەوفیق وەهبی سەرپەرشتی دەکردو، حوسەین حوزنی موکریانی بەڕێوەبەری نووسینی بوو. لەگەڵ دواهاتنی جەنگ، ئینگلیز ڕای گرت، بەڵام حوزنی لەوەزارەتی ناوخۆی عیراق مۆڵەتی بۆ وەرگرتو درێژەی پێدا. لە خولی سێیەمدا بووە ڕۆژنامەیەکی هەفتانە، بە سوپاسەوە بنکەی ژین لە سلێمانی چاپی نوێی کردوونەتەوە.

چوار پیتەی یەکەم)، هەروەها لە جێی (ج، ح، خ، د): (٢ˇ، ٢ˬ، ٢ˊ، ء٢)و بە هەمان جۆر تا دوا پیتی عەرەبی، بۆ پیتە کوردییەکانیش: (پ، چ، ژ، ڤ): (٨ˇ، ٨ˬ، ٨ˊ، ء٨). هەروەها بۆ (گ، ڵ، ۆ، ێ): (٩ˇ، ٩ˬ، ٩ˊ، ء٩)، دانا.[٣٤]

١٠- پاش شۆڕشی کۆماریی لە عیراق، (بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی)، دامەزراو نوری عەلی ئەمین، لە ساڵی ١٩٦٦دا، کتێبێکی بەناوی (ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی)، لە بەغدا چاپ کردو هەموو تێبینییە پێشووەکانی تێدا کۆکردەوەو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ یەکخستنی ڕێنووسی کوردی، لە ساڵی ١٩٧٢دا بڕیاری یەکخستنی ڕێنووسی ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکان کردوکتێبی خوێندنو نووسینە ڕەسمییەکان یەکخران. لە ١٩٦٩ تایر صادق کتێبی (ڕێنووس)ی نووسیو بۆ یەکەمجار "وشەی (ڕێنووس)ی لە جیاتی (ئیملا) داناو وا ئێستا ئەم وشەیە جێی خۆی گرتووەو چەسپاوە."[٣٥]

١١- (کۆڕی زانیاری کورد)یش وەك دەستکەوتێکی ڕێکەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، بایەخێکی تایبەتی دا بە ڕێنووسی کوردییو لێژنەی بۆ داناو شێوە ڕێنووسێکی بڵاو کردەوە، کە هەرچەندە بەهۆی دەستکاریی هەندێك لەشێوازە پێشووەکانەوە[٣٦]کۆدەنگیی لەسەر نەبوو، بەڵام تاڕادەیەك ئاڵوگۆڕی لە ڕێنووسی کوردیدا کرد.

لە حەفتاکان بەدواوە تا ئێستە هەندێك هەوڵی تر دراونو هەرجارە هەندێك پێشنیاری نوێ کراون، یان هەندێك ڕێڕەوی پێشتر هەڵوەشاونەتەوە. جەمال نەبەز (زمانی یەکگرتووی کوردی) نووسیو هەندێك ڕەخنەی لە کۆڕی زانیاریی گرت، لەوانە: بە پێچەوانەی کۆڕەوە جەخت دەکاتەوە، کە پیتی (ص) لە زمانی کوردیدا نییە.

ساڵی ١٩٨١ مستەفا نەریمان ڕەوتی ڕێنووسی کوردیی لە کۆنەوە تا کاتی نووسینەکەی خۆی لە نامیلکەیەکی (٦٧) لاپەڕەییدا بەناوی (ڕێنووسی کوردیی لە ڕەگو ڕیشەوە) بڵاوکردەوەو خۆیشی داوایکرد چاو بخشێنرێتەوە بەڕێنووسی پەیڕەوکراوداو دوو قسەیی لەو بارەیەوە نەمێنێت.[٣٧]

ساڵی ١٩٨٥ (دەستەی کورد)ی سەر بە (کۆڕی زانیاری عیراق) لە نامیلکەیەکی (٨) لاپەڕەییدا چەند ڕاسپاردەیەکی سادەو ساکاری بەناوی (ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی) بڵاوکردەوە، سەیر ئەوە بوو، کە دەستەی ناوبراو ئەو ناوی نامیلکەیەی، بەم جۆرە ڕێنووسەی خوارەوە نووسیوە:

<u>(ڕاسپێری یەکانی لێ دوانی ڕێنووسی یەك گرتووی کوردی)</u> (!).[٣٨]

---

٣٤ بڕوانە: مستەفا نەریمان، ڕێنووسی کوردی، لا: ٥٢.

٣٥ هەمان سەرچاوە، لا: ٣٢.

٣٦ بۆ نموونە: حەوتی لەژێر ڕێی قەڵەو (ڕ)، بردە سەرەوە بە شێوەی (ř). یان لەجێی (وو) و (یی)، واتە واوو یێی درێژ، نیشانەی (‾)ی دانا، کە زۆر پێشوازیی لێ نەکرا.

٣٧ کتێبی ناوبراو لە١٩٨١ لە لایەن (دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردیی) عیراقەوە، لە بەغدا چاپو بڵاوکرایەوە.

٣٨ وێنەی بەرگی نامیلکەی ناوبراو –کە لەبەردەستمدایە– بەوجۆرە نووسراوەو، ساڵی ١٩٨٥ لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق چاپکراوە، (بڕوانە پاشکۆی ئەم بابەتە بۆ بینینی نمونەکەی).

١٢- ساڵی ٢٠٠٤، ئەنجومەنی کۆڕی زانیاریی کوردستان ڕێنووسێکی ئامادەکراوی (بەدران ئەحمەد حەبیب)ی بەناوی (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردیی) بڵاوکردەوە. کە تیایدا لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانو وەزارەتی پەروەردەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن داواکراوە، کە ڕێسا پێشنیارکراوەکانیان بەکارببرێن،[39] بەڵام وەڵامێکی کۆدەنگی نەدرایەوە.

دوای ئەوانیش (ئەکادیمیای کوردیی) هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩ پاش دانانی چەندین لیژنەو کۆنفرانسی تایبەت و بەشدارکردنی دەیان زمانزانو نووسەرو ڕۆشنبیر، کتێبێکی ٧٣ لاپەڕەییان بڵاو کردەوەو تیایادا لە (٩) بەشدا چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیان خستە ڕوو.[40] ئەمە جگە لە ڕاسپاردەو بڕیارەکانی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)، کە چەند ڕاسپاردەیەکیان لەمەڕ ڕێنووسی کوردیی بڵاو کردەوە.

ئەم کارانەی دوایی (کۆری زانیاریی کوردستان)و (سەندیکای ڕۆژنامەنووسان)و (ئەکادیمیای کوردی)، هەرچەند شێوەی ڕاسپاردەی دەزگای ڕەسمیو نیمچە ڕەسمیی هەرێمی کوردستانیان وەرگرتبوو بەڵام ئەوانیش لەبەر شەڕی گەرمو ساردی نێوان دوو حزبی دەسەڵاتی ئەوکاتە (پارتی دیموکراتی کوردستان)و(یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان)و سەردەمی دوو ئیدارەیی- کە هەرێمی کوردستانی لە ڕووی ئیدارییەوە لە نێوانیاندا دابەشکرابوو- لایان لێنەکرایەوەو نەك لە ئاستی دەزگا ئەهلییەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو میدیاکان، ئاوڕیان لێ نەدرایەوە، بگرە لە دەزگاکانی خودی حکومەتی هەریمو میدیا ڕەسمییەکان و کتێبەکانی خوێندنو ڕۆژنامەکانو نووسراوەکانی دەزگا حکومییەکانیش گوێیان پێنەدرا.

## بەشی سێیەم

## سەرەتاو سەرچاوەی یەکەمی پیتە زیادکراوەکان بۆ ئەلفبێی کوردی

١- بەسروشتی مرۆڤ - بەتایبەتی مرۆڤی نووسەرو توێژەر لە بابەتی پیتە کوردییەکان- دەگەڕێت بەدوای پرسیارێکدا کە: ئایا ئەگەر سەلماندمان مامۆستایانی بیستەکانی باشووری کوردستان - تەوفیق وەهبیو حوزنیو گیوو هتد- بۆ زیادکردنی پیتو هەندێك لە بزوێنەکان بۆ سەر ئەلفبێی کوردیی، سوودیان لە مامۆستاکانی باکوری کوردستانو ئەستەمبوڵنشینان خەلیل خەیاڵو ئەحمەد ڕامزو سەعید نورسی مامۆستایانو.. هتد، وەرگرتووە، ئاخۆ ئەی ئەوان لە کوێیان وەرگرتووە؟ یان وەریان نەگرتووەو خۆیان دایانهێناوە.؟

لە ڕاستیدا من بابەتێکی زانستیم نەدیوە، کە وەڵامی ئەم پرسیارە مێژووییە بداتەوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٠)وە سەرەداوێکم دەستکەوتووە، کە حەز دەکەم بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەیەوە بیخەمە ڕوو.

---

٣٩ بروانە: بەدران حەبیب، ڕێنووسی یەکگرتووی کوردیی، چاپی ٢، هەولێر، ٢٠٠٥، لا: ٨.

٤٠ بروانە: ئەکایمیای کوردی، ڕاسپاردەکامی کۆنفرانسی (بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی)، هەولێر، ٢٠١٠.

٢- ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری ئەستەمبووڵ میوانی برادەرێکم بووم. کەسێك لەلای ئیشی دەکرد، کە خەڵکی (تورکستان)ی چین بوو، بینیم کتێبێك دەخوێنێتەوە، لەمن وابوو کوردییە، چونکە زۆربەی پیتەکانو ڕێنووسەکە بەشێوەی ئەلفبێی کوردیی ئێستەی خۆمان نوسرابوون، کە وردبوومەوە بینیم لەگەڵ ئەوەی ڕێنووسەکە زۆربەی کوردی بوو، بەڵام زمانەکە کوردی نەبوو، هاوکات، فارسیو ئۆردیو تورکی عوسمانیش نەبوو، ئەی کەواتە چ زمانێك بوو؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە کلیلی هەندێك زانیاریم دەستکەوت.

بەهەرحاڵ، ئەو برادەرە گوتی: "من لە نەتەوەی (ئۆیغۆری)[41]م، لە موسڵمانەکانی خۆرهەڵاتی تورکستانم. زمانێکی سەربەخۆمان هەیە پێیدەگوترێ زمانی (ئۆیغۆری)، ئیملاو پیتو ئەلفبای تایبەت بەخۆشمان هەیە کە پێی دەڵێن: ئەلفباو ڕێنوسی (ئۆیغۆری)". دەستی کێشا بۆ کتێبەکەی بەردەستیو وتی: "ئەمە شێوەکەیەتی کە لەم کتێبەی بەردەستماندا دەیبینیت". کاتێك وردبوومەوە بینیم زۆرێکی لە ڕێنوسی خۆمان دەچێ، واتە پیتەکانی (پ، چ، ژ، گ، و ێ، ـە)ی تێدا بەکار هاتبوو. ئەڵبەتە پیتو نیشانەی بزوێنی لە ئێمە زیاتریان هەبوو بۆ کێشەکانی (واو)و (یێ)ی دەنگدارو (واو)ی سەرەتاو وشەو هتد.[42]

تا ئێرە ڕەنگە لای خوێنەر گرنگ نەبێت. ئەمە ڕاستە، چونکە خاڵی گرنگ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە: ئایا مێژووی ئەو ئەلفبێو ڕێنووسەی ئەوان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ وردتر بڵێین: ئایا پێشەنگانی کورد لە بەکارهێنانی پیتو بزوێنە نوێکاندا لەوان سوودیان وەرگرتووەو نمونەی کتێبی چاپکراوی ئەوانیان دیوە؟ یان بە پێچەوانەوە ئەوان لە ئێمە سوودیان وەرگرتووە..؟

ئەو کەسە بەشێوەیەکی بەڵگەدارو زانستیی نەیدەزانی کە مێژووی داهێنانی ئەو پیتو ڕێنووسەی خۆیان بۆ کەی دەگەڕێتەوە. هێندەی دەزانی، کە دەیگوت: بیستوومە لە سەدەی هەژدەوە بەکاردێت. بەڵام دواتر کە بۆ خۆم زانیاریم لەسەر ئەو نەتەوەیەو مێژوویانو مێژووی ڕێنووسەکەیان کۆکردەوە بۆم دەرکەوت مێژووەکەی زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی زایینی، ئەو کاتەی کە نەتەوەکە ڕووی لە ئایینی ئیسلامیش کردووە.[43]

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە لەوێوە دەست دەکەوێت کە کەسێك لەو پێشەنگانە ئەم باسەی کردبێت، کە نەیانکردووە. ئەوەندەی من ئاگادار بم کەس لەو بەڕێزانە –نە پێشەنگەکانی وەك:

---

٤١ (ئۆیگۆری)یەکان نەتەوەیەکی موسڵمانی سەربەخۆن، نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس دەبن. زۆربەیان نیشتەجێی وڵاتی تورکستانی شەرقین، کە تورکستانی چین و (ئۆیغۆرستان)یشی پێ دەڵێن. لە سەدەی ١٣ی زاینییەوە ڕوویان کردووەتە ئایینی ئیسلامو لەسەر مەزهەبی حەنەفین. ڕژێمی کۆمۆنیستیی چین لە ساڵی ١٨٦٣ دا زیاتر لە ملیۆنێکی لێ کوشتنو سەربەخۆیی هەرێمەکەی هەڵوەشاندەوەو خرانەوە سەر وڵاتی چین، کە سەدان هەزار کەسیان لەو موسڵمانە (ئۆیگۆری)یانە، بەسەر ناوچە جیاجیاکانی چیندا، دابەشکرد. هەندێکیان بڵاو بوونەتەوە بە وڵاتەکانی قیرقیزستانو مەغۆلستانو ئۆزبەکستاندا. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دائره المعارف بزرگ إسلامی، تهران، ١٣٨٧هـ . ش،١٠/ ٤٦٠).

٤٢ بۆ بینینی نموونەی ڕێنوسی (ئۆیگۆری)، بڕوانە پاشکۆی ئەم بابەتە، کە تێکستێکە لە ڕاڤەی فەرموودە، لە وەرگێڕانی سەحیحی بوخاری، لە هەشتاکانی سەدەی پێشوو چاپ کراوە.

٤٣ بڕوانە: (الموسوعة الحرة)، بڕگەی تایبەت بە مێژووی ئەلفبێی (ئۆیگۆری). دیارە ئەم بابەتە زانیاری زیاتری دەوێت و هیوادارم ئەمە دەسپێکێك بێت بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر.

مەولانا خالدو مەلا مەحمودی بایەزیدیو دواتر خەلیل خەیالیو هاوەڵانی، نەدواییینەکانیش: حوزنیو گیوی موکریانیو تەوفیق وەهبی- کەسیان ئاماژەیەکیان نەکردووە، کە ئەم جۆرە ڕێنووسو ئەلفبایەی (ئۆیغۆری)یان بینیبێت. کەواتە ڕێیەك نامێنێتەوە جگە لە شرۆڤەو شیکردنەوە. کە بەندە پێموایە لە قۆناغێکدا لە نێوان سەردەمی مەولانا (لە ١٨٠٠) وە تا بیستەکانی سەدەی بیست (١٩٢٠ بەرەو ژوور)، کەسێك لە ڕوناکبیرانی کورد دەبێت ئەو شێوە ئەلفبێی (ئۆیگۆری)یەی بینیبێت، کە زۆربەی زۆری ڕێنووسو پیتو ئەلفێی خۆمان لەو دەچێت. بەڵگەشم ئەوەیە ئەو نەتەوەیە لە تورکەوە نزیکن، نووسینەکەیان پێش داهاتنی ئامێری چاپ هاوشێوەی (نووسینی عوسمانی) بووە، هەمان ئەو نووسینەی کە لە کوردستانیش تا کۆتایی سەدەی (١٨) بەکار براوە. دیارە نەتەوە موسڵمانەکانی تری فارسو ئۆردو بەلوچو ئەفغانیش هەمان ئەلفبێیان بەکارهێناوە، کە پێکهاتووە لە پیتە عەرەبییەکان.

بۆیە ئەگەری زۆر هەیە خوێندەوارو ڕوناکبیرانی(ئۆیگۆری) زۆر پێشتر لە کوردانی نیشتەجێی ئەستەمبوڵ هاتوچۆی ئەو شارەیان کردووە، چ بە حوکمی ئەوەی پایتەختی دەوڵەتی خیلافەتو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بووەو ئەوان وەك نەتەوەیەکی نزیك لە تورك زیاتر شانازییان پێوە کردووە، چ بە حوکمی ئەوەی کە ئەستەمبوڵ پایتەختێکی زانستییو ڕوناکبیریی بووەو جووڵەی چاپو داهێنانی چاپەمەنیی ناوچەکە لەوێوە سەری هەڵداوە.

## بەشی چوارەم

### سەبارەت بە بانگەشەی نووسینی کوردی بە پیتی لاتینیو کاردانەوەکانی

هەرکەس کەمترین شارەزایی بەشێوەنووسینی کوردییو جۆری فۆنەتیكو فۆنیمی زمانی کوردی هەبێت، نکوڵی لەوە ناکات کە چەند ناتەواوییەکی لەو لایەنەوە تێدایە، بەڵام ئەگەر ئەو کەمترین شارەزاییە لەشێوە نووسینی لاتینیش، هەبێت دەردەکەوێت کە چەندین گرفت لە لاتینییەکەشدا هەیە، واتە چەند فۆنیمێك هەن، کە هەرگیز ناگونجێت لە نووسینەوەی تێکستی کوردیدا بەشێوەی لاتینی گوزارشتی لێ بکات. ئەگەر ئەلفوبێ کوردییەکەی ئێمە تەنها کێشەی یەك دوو دەنگێکی وەك بزوێنو فۆنیمی کورتە ژێر (کسرە مختلسە)ی هەیە، ئەی مەگەر پیتەکانی نووسینی لاتینی کێشەی چەندین پیتی، وەکو: ( ح ، ڕ، ع، غ، ڵ، ێ)ی نییە، کە بۆ هیچ کامیان پیتی پڕاوپڕیان نیە، لە کاتێکدا صەدان هەزار جار ئەم پیتانە لە ئەدەبو شیعرو کلتوری دەوڵەمەندی کوردیدا دووبارە بونەتەوە؟! ئاخۆ بانگخوازانی نووسینی لاتینی، بیریان لەم ڕاستییە نەکردۆتەوە؟

لە سەرێکی ترەوە، ئەگەر ئاکامو بەرهەمی نووسینی لاتینی نەبوو، بۆچی نووسەرو ڕوناکبیرانی کوردی باکووری کوردستان، نەوەی پاش کەمالیزم، بێبەشبوون لە تێگەیشتنو شرۆڤەکردنو لەسەرنووسینی شاکارە کلاسیکەکانی فەقێ تەیرانومەلای جزیریو ئەحمەدی خانیو مەلا مەحموودی بایەزیدیو مەلای باتەییو.. هتد؟ ئەگەر کەسانێکیش چەردەیەك لەو کارەیان

**کردبێت- وەك ڕووناکبیرو نووسەری گەورە محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان- ئەوە وەك بەڕێز فەرهاد شاکەلی، دەڵێت: "لەبەر ئەوەیە ئەو پیاوە بەرهەمی مزگەوتەکانی کوردستانە، نەك سیستمی خوێندنی ئەتاتورك."[٤٤]**

**بەهەرحاڵ، باشترە پێش باسی بانگەشەی نووسین بە لاتینی، سەربوردێکی سەرهەڵدانو ڕەنگگرتنی نووسین بەو شێوە پیتەو بەکارهێنانی لە باکورو ڕۆژئاوای کوردستاندا، لەم چەند قۆناغەدا ڕوون بکەینەوە:**

**١- بەپێی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی کۆتایی سەدەی (١٩)و سەرەتای سەدەی (٢٠)، لەوە دڵنیا دەبینەوە کە بۆ یەکەم جار لە تورکیا بیرۆکەی نووسینی تورکی بە پیتی لاتینی، وەك چەکێکی تر دژی تورکیای عوسمانی، سەری هەڵدا. چونکە بەو نووسینە تورکییەی بە پیتی عەرەبیی دەنوسرا، دەگوترا: نوسینی عوسمانی، بەو پێیەی شێوەی بەکارهێنانەی نووسینی ڕەسمیی دەوڵەتی عوسمانی بوو.**

**٢- سەرچاوەکان ناوی (محمد منیف پاشا) (١٩١٠-١٨٢٨)ی تورك دەبەن کە ئەرکی وەرگێڕانی بەرهەمی بێگانەی بۆ تورکی گرتبووە ئەستۆ، کە (کۆمەڵەی زانستیی عوسمانی) دامەزراندو لە ساڵی١٨٦٢دا داوای کرد پیتی عەرەبی بگۆڕدرێت، دواتر کۆمەڵەی توندڕەوی تورکی (ترکیا الفتاة) یش هەمان هەوڵیاندا، سەرەتا شکستیان هێنا، بەڵام دواتر بە پشتیوانی تۆرانیزمو کەمالییەکان سەریگرتو لە ١٩٢٨ بە ڕەسمیی کەمالییو تۆرانییەکان پیتی عەرەبییان قەدەغە کردو لاتینییان لە جێی داناو لەو کاتەشەوە کوردانی باکووریش لە مێژووی فەرهەنگی هەزار ساڵەی خۆیان دابڕێنرانو وەك د.ڕەفیق سابیر دەڵێت:"بە زەبری تیرۆری دەوڵەت دەستبەرداری ئەلفو بێی کوردان کراونو تا ئیمڕۆ ناتوانن لە دەسەڵاتو کاریگەریی کلتوری کەمالیزمو عاقیبەتەکانی ڕزگار بن، کەچی دەیانەوێ کوردی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئارەزومەندانە ویستی کەمالیستەکان جێبەجێ بکەنو واز لە ئەلفو بێی خۆیان بهێنن کە بۆتە بەشێکی بنەڕەتیی ژیانی کلتوریو ڕوناکبیریی و خوێندەواریی کورد."[٤٥]**

**٣- سەبارەت بە زمانو ڕێنووسی کوردیو بەکارهێنانی پیتی لاتینی، وا دیارە ئینگلیزە داگیرکارەکان لەڕێی بەکرێگرتەکانیانەوە بۆ یەکەمجار ئەم بابەتەیان وروژاندبێت، چونکە (میجەرسۆن)[٤٦] لە ساڵی ١٩١٣ دا نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە لەسەر (گرامەری کوردی)و تیایدا ڕاشکاوانە ئاماژە دەکات، کە کورد چاولێکەری نەتەوە ئیسلامەکانی کردووە لە بەکارهێنانی پیتی عەرەبیدا، ئەگەرنا پیتە عەرەبییەکان گونجاو نین لەگەڵ دەنگە کوردییەکان.[٤٧] هەر لەسەر ئەم بنەمایە (میجەرسۆن) پشتیوانی لە دەرکردنی کورتە بابەتێك کرد، کە لە بەغدا ساڵی١٩٢٠**

---

٤٤ فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی، لا: ٣٦.

٤٥ گۆڤاری کوردۆلۆژی، ژمارە: ١، ساڵی ٢٠٠٨.

٤٦ میجەر، ئەی. بی. سۆن (١٨٨١ - ١٩٢٣): ئەفسەری پلەداری ئینگلیزی، ماوەیەکی زۆر لە کوردستان مایەوە، بە تایبەتی لەسەردەمی شێخ مەحمود دا، زمانی کوردی فێر بوو. بۆیە سەرپەرشتی گۆڤاری (تێگەیشتنی ڕاستی) کرد.

٤٧ بڕوانە: جەمال نەبەز، نووسینی کوردیی بە لاتینی، بەغدا، ١٩٥٧، لا: ٢.

**چاپکراو دووکەس بە ناوی (محمد زەکی)و (میرزا محمد باشقە) نووسیبوویان، تیایدا پێشنیاری بەکارهێنانی پیتی لاتینی بەرامبەر عەرەبی کراوە.[٤٨]**

**هەر لەو ساڵەدا لە کۆمەڵەی (هێڤی)ش چەند کەسێك ئەم بابەتەیان ورووژاند وەك (عبدالله جەودەت)و (فائیز بەگ)و کەسانێکی تر، بەڵام زۆر گوێیان لێ نەگیرا، بە تایبەت (عبدالله جەودەت)، کە لە سەرەتاوە ئەندامی حیزبی (ئیتتیحادو تەرەققی) بووو کەوتبووە بەر شەپۆلی هەندێك لە ڕوناکبیرە ئەوروپییەکان، چونکە ماوەیەکی زۆر خۆیشی لە وڵاتانی ئەورووپا مابووەوە.**

**٤- بەچاولێکردن لەو تورکانەی دژە عوسمانی، (جەلادەت بەدرخان) سوور بوو لەسەر بیرۆکەی بەکارهێنانی لاتینی لە جێی پیتی عەرەبیی، بۆیە لە ساڵی ١٩٢٧ە وە دەستی کردە بانگەشە بۆیو لە ١٩٣٢ (ڕێزمانا ئەلفبایا کوردی) دانا. هەندێك پێیان وایە (میجەرنوئیل)ی ئەفسەری ناسراوی ئینگلیز، ڕۆڵی زۆری بووە لە هاندانی (جەلادەت بەدرخان) بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی لەجێی عەرەبی، بەدانپێدانانی خودی میر جەلادەت بەدرخان.[٤٩]**

**لە هەمان ڕێڕەودا کەسێکی ئەرمەنی بەناوی (هاگوب گازاریان)، بە پشتیوانی حکومەتی سۆڤیەت قوتابخانەیەکی کوردیی لە (تفلیس)ی پایتەختی جۆرجیا کردەوەو کتێبێکی بە ناوی (شمس) لە ساڵی١٩٢١ بڵاو کردەوەو ئەلفبایەکی کوردی بە پیتی ئەرمەنی پێشنیار کرد. لەلایەکی ترەوە ١٩٢٩ عەرەبی شەمۆو کەسانێکی تر ئەلفو بێی لاتینییان بۆ کوردی ئەرمەنستان نووسی. بە دوای ئەو کارەدا ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) لە (یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا، بە کوردیو پیتی لاتینی، لە لایەن حزبی شیوعی یەوە ژمارە یەکی لە ساڵی١٩٣٠ بڵاو کرایەوە. پاش ساڵێكو لە ١٩٣١دا (حاجی جندو)، کە نوسەرێکی (ڕێیا تازە) بوو نامیلکەیەکی دانا بە ناوی (کتێبا ئەلفبا)و ئەلفبایەکی کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتینیو ڕوسیو فەرەنسایی پێشنیار کرد.[٥٠]**

**٥- پاشان کۆمەڵەی (خۆیبون)یش بە ڕەسمی لە ١٩٣١دا بڕیاری بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە جێی عەرەبی دەرکرد. بۆیە لە ١٩٣٢ دا گۆڤاری (هاوار) لە سووریە لەسەر ئەو بنەمایە، بە شێوەی لاتینی بڵاو کرایەوەو لە یەکەم ژمارەیدا جەلادەت بەدرخان ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئامانجی دەرکردنی گۆڤارەکە، "بڵاوکردنەوەی ئەلفبای کوردی نوێو خوێندنی زمانی کوردیو ڕێزمانی کوردیو دیالێکیتەکانی زمانی کوردییە".[٥١]**

**٦- دواتر تەوفیق وەهبی لە ١٩٣٣دا لە (خوێندەواری باو)دا باسی کردو پاشان کامەران بەدرخان لە ١٩٣٨دا (ئەلفو بێیا من)ی بە وێنەوە لە شام بڵاو کردەوەو پێشنیاری لاتینی کرد. ساڵی ١٩٥٥ عوسمان سەبری (ئەلفو بێی کوردی) نووسی. بەدوایدا جەمال نەبەز لە ١٩٥٧ دا**

---

٤٨ بڕوانە: حامید فەرەج، ڕێنووسی کوردیی لە سەدەیەکدا، بەغدا، ١٩٧٩، لا: ١٥.

٤٩ لە ژمارە (١٣)ی گۆڤاری (هاوار) لە ١٩٣٢– کە جەلادەت بەدرخان خۆی دەری دەکرد– دان بەوەدا دەنێت کە چۆن (میجەر نۆئیل) بە زەحمەت کوردیی بۆ خوێنراوەتەوەو، بە پیتی لاتینی نوسیویەتی. دەڵێت: بۆیە بڕیارم دا ئەلفبایەکی لاتینی دابنێم!.

٥٠ بڕوانە: هۆگر گاهر، (الّلفباو الكرديه)، ص: ٦٤.

٥١ ژمارە (١)ی گۆڤاری هاوار، (١٥)ی ئایاری ١٩٣٢.

(نووسینی کوردیی به لاتینی) لەسەر ڕێبازی بەدرخانییەکان لە بەغدا بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٦٠ یش گیوی موکریانی (ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بەتیپی لاتینی) بڵاو کردەوە.

وەك ئاماژەم پێکرد (جەلادەت بەدرخان) ڕۆڵێکی زۆری بینی لە برەودان بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە جێی عەرەبی، هەرچەند خۆیشی تووشی دەردەسەری زۆرهاتو چەندین جار ئاڵوگۆڕی لە بیرۆکەکەیدا کرد، چونکە لەگەڵ واقعی زمانی کوردی نەدەگونجا."سەرەتا دووپیتی لاتینی یەکدەخست بۆ دەنگی پیتێکی کوردی، دوایی هەندێك پیتی ئەلفبای یۆنانیو ڕووسی بەکار هێنا. بەڵام کە چووە ئەڵمانیا بە کارەکەی خۆیدا چوەوەو هەستی کرد لاتینیو یۆنانیو ڕووسی بە یەك ناخۆن، بۆیە یۆنانیو ڕوسییەکانی دەرهێناو هەندێك پیتی لاتینی دەستکاری کردو خستیە جێیو لە ٣٤ پیتدا ئەلفباکەی لە ١٩٢٤ حازر کرد. بەڵام پاش چوار ساڵو لە ١٩٢٨ دا کە تورکیا پیتی عەرەبی عوسمانی ڕەتکردەوەو لاتینیی سەپاند، دووبارە دەستکاری ئەلفباکەی خۆی کردەوەو لە ٣٤ پیتەوە کردی بە ٢٧ پیت.

٧- یەکێکی تر لەوانەی بانگەشەی گۆڕینی ئەلفبێی کرد (عبد الرزاق بەدرخان) بوو کە لەو کەسانە بوو شۆڕشی فەڕەنسی زۆر کاریگەریی لەسەری هەبوو و ئەدەبی فەرەنسیشی خوێندبوو. سەرەتا باسی پیتی لاتینی دەکرد، دواتر ڕای گۆڕاو پێی وابوو کورد دەتوانێت سوود لە ئەزمونی چاکسازییەکانی ڕوسیا وەربگرێت، بۆیە کاتێك بە هاوکاریی (سمکۆی شکاك) کۆمەڵەی (جهاندانیی) لە شاری (خوی) دامەزراند، ڕایگەیاند: "یەکێك لە ئامانجەکانی کۆمەڵەی ناوبراو ناردنی گەنجانی کوردە بۆ ڕوسیا بۆ خوێندن". هەروەها داوای کرد نووسینی کوردی بە پیتی ڕووسیی بێت، تا کوردستان ئاشنا ببێ بەفەرهەنگی پێشەنگی ڕووس، بۆ خۆی دەڵێت: "سوودی ئەمکارە لەوەدایە کە منداڵانی کورد زمانی ڕوسیی فێردەبن و گەلی کوردیش ئاشنا دەبێ بە فەرهەنگی پێشکەوتووی ڕوسەکان. دەتوانن قوتابیش بنێرن بۆ خوێندن لە ڕوسیا." بۆ ئەم مەبەستە ناوبراو لە ڕێی ڕێکخراوەکەیەوە (جهاندانی) داوای لە ئەکادیمیای ڕووسی کرد، کە ئەلفبایەکی نوێی کوردی دابنێ.[52] بەڵام ئەو کارە نەکراو هەوڵەکە شکستی هێنا.[53]

شایانی باسە لە سەرەتاوە زانایانی کورد یارمەتی ناوبراویان دا، تەنانەت بۆ پشتگیریی ڕێکخراوەکەو خوێندگەیەك کە کردبوویەوە، زەکاتیان بۆ کۆکردەوە، بەڵام کە دڵنیابوون کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕوسەکانەوە، دژی وەستانەوە، بۆیە ناچار بوو ناوچەکە بە جێ بێڵێ.[54]

٨- بەوجۆرە دەبینین لەژێر زەبری کەمالیزمو تۆرانییەکانو دواتر کاریگەریی شاڵاوی ئینگلیزی داگیرکارو ڕووسیاو نەبوونی هۆشیاریی نەتەوەییو کەوتنە ژێرباری قورسی هەندێك کوردی

---

٥٢ بڕوانە: جلیلی جلیل، نهچە الّکراد الپقافیە، ص ١٧٤.

٥٣ هۆگر تاهر تەوفیق دەڵێ: "بۆخۆم لە دهۆك توێژەری کوردی یەزیدی (تونسێ ڕەشید)م بینی، کە برای (قەناتی کۆردێ)ی ڕووناکبیری ناسراوە. پێی گوتم: خۆی ئەو کەسەی دیوە، کە ئەکادیمیای ڕووسی ڕایسپاردبوو بە دانانی ئەلفبا تازەکە، کە ناوی (اوربیللی) بوو. بەڵام پێی وتم: نەمانتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەین، بەهۆی هەل ومەرجی نێودەوڵەتییەوە. (هۆگر طاهر، الألفباء الكردية، ص:٤٧).

٥٤ بڕوانە: م.س. لازاریف، تاریخ کردستان، ترجمة: د. عبدي حاجي، دهوك، ٢٠٠٦، ص: ١٧٣. هەروەها: جلیلی جلیل، نهضة الكرد الثقافية، ص: ١٤٥.

غەربچیی- کە نەیانتوانی ڕووبەڕووی شالاوەکە ببنەوە، یان مەترسییەکانی ئەوکارە دەرك بکەن- لە باکوورو ڕۆژئاوای کوردستاندا، مەسەلەی نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی سەری گرتو تا ئێستەشی لە گەڵدا بێت کوردانی ئەو دوو وڵاتەو کوردانی بناری ئازەربایجان، بێبەش بوون لە ئەدەبو فەرهەنگو مێژووی کوردو کوردستان، کە خۆشبەختانە لە بەشە کوردستانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی بندەستی ئێرانو عێراق، بە پارێزراوی مایەوە، بۆیە -وەك فەرهاد شاکەلی دەڵێت: "بەکارهێنانی ئەلفو بێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی، پرۆژەیەکی دڕندانەی ئیمپریالیستە بۆ دوورخستنەوەی نەتەوەی کورد لە هەموو مێژووو ڕابوردووی خۆیو بۆ لەبیربردنەوەی ڕەگو ڕیشە فیکریو ڕۆحییەکانیو بۆ ڕاگرتنو پەکخستنی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری زمانو ئەدەبدا لە کوردستان- بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا- بەدی هاتبوو، بۆ لەناوبردنی پرۆسیسی بەنەتەوەبوون کە لە سەدەی بیستەمدا سەرکەوتنی باشی چنگ کەوتبوو."[٥٥]

**٩- بەشێك لە کاردانەوەکانی ئەو کاتە لەسەر پێشنیاری بەکارهێنانی لاتینی:**

پێشنیاری بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ چارەسەری کێشەکانی ناو ڕێنووسی کوردی، دڵسۆزانەو بە نیازی چاکسازیی بووبێت لە زمانەکەماندا، یان بەمەبەستی نەشیاو بووبێت، وەك کاردانەوەی دۆخی سیاسی ئەوکاتەو ململانێی دەسەڵاتی عوسمانیو کەوتنەژێر کاریگەریی گۆڕانخوازەکانی (ترکیا الفتاه) بووبێت، دەنگۆی زۆری دروستکردو هەر لەوکاتەداو گەرماوگەرمو دواتریشو لە دوورو نزیکەوە، کاردانەوەی لێکەوتەوە، لێرەدا نموونەی هەڵوێستو بۆچوونی هەندێك لە ڕووناکبیرانی هاوچەرخی بانگەشەکەو کەسانی دواتریش دەخەمە ڕوو.

هەندێك لەو کەسانە دووربینانەو دڵسۆزانە دژی ئەو هەوڵە وەستاونەتەوەو بێ ئاکامیی ئەو بیرۆکەیەیان لەو کاتەدا خستووەتە ڕوو و بە بەڵگەی بەهێز سەلماندوویانە کە ئەو هەنگاوە نە لەڕووی مێژوویییەوە سوودی لێ دەبینرێت، نە لەڕووی تەکنیکیو زانستییەوە ڕێکدەکەوێت، نە لەڕووی واقیعیو کۆمەڵایەتیشەوە لەگەڵ سەردەمو واقیعی کوردو پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوە موسڵمانەکانی دەوروبەری یەك دەگرێتەوە:

. سەرەتا لەوکاتەداو لەهەمان سەردەمو لەهەمان سەرچاوەی ڕووناکبیریدا، کە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ە چەندین وتار دژی ئەو بۆچوونانەی (عبد الله جەودەت) نووسران. یەکێك لەو وتارانە وتارێکی نووسەری گەورە (ئیسماعیل حەقی بابان زادە)یە، کە ساڵی ١٩١٣ دا لە وەڵامدانەوەی ناوبراودا، دەڵێت: "بە ڕاستی بانگەشەکردن بۆ گۆڕینی ئەلفبای کوردی بە ئەفرەنجی (لاتینی) لە نووسینی زمانی کوردیدا، لە بنەماوە ناپێویستە. چونکە پیتە عەرەبییەکان - پاش ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی سادەیان بەسەردا هێنراو هەندێك هێما دانران - دەکرێ خزمەت بە کورد بکەن هەروەك خزمەتی (نەتەوەی) فارسیان کرد. بە ڕاستی گۆڕینی پیتە عەرەبییەکان، دەکێشێت بەرەو دابڕانی کورد لە ژیارو شارستانێتی ئیسلامیی." [٥٦]

---

٥٥ فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل: ٣٤.

٥٦ گۆڤاری ڕۆژی کورد، ژمارە (٣)، لە ١٩١٣/٨/١.

. له ژمارەیەكی تری هەمان گۆڤاردا (كۆمەڵەی بلاَوكردنەوەی فێركردن‌و چاكسازیی پیتەكان)، له هەمان ساڵی ١٩١٣دا وتارێكیان دابەزاندووەو دەڵێن: "وڵاتانی هەموو نەتەوه موسڵمانەكان ئەم ئەلفبایه بەكار دێنن، (ئەلفبای پیتی عەرەبی). باشترین هۆكاریشه بۆ ئاشنابوونی موسڵمانانی غەیره عەرەب به دیانەتی ئیسلام.جگه لەوه قورئانی پیرۆز بەو ئەلفبایه نوسراوه. بۆیه ئەستەمه دەستبەرداری بین. ئێسته دوو بۆچون له نێوان ڕوناكبیرانی كوردا هەیه: یەكەمیان داوای بەكارهێنانی پیتی لاتینی له نوسینی كوردیدا دەكات. دووەمیان: ئەمه ڕەت دەكاتەوەو داوا دەكات له بەكارهێنانی ئەلفبای عەرەبیی بۆ نوسینی كوردیی بەردەوام بین، بەڵام به مەرجی هەندێك چاكسازیی‌و جوانكردن تیایدا." [57]

. بۆچوونی پیرەمێدی شاعیرو ڕۆژنامەنووس:

جێی باسه له گەرمەی وروژاندنی ئەم بابەتەی پیتی لاتینیدا، پیرەمێردی شاعیرو ڕۆژنامەنووس له ئەستەمبوڵ دەژیاو له ڕۆژنامەكانی ئەو كاتەدا، سەرگەرمی نووسین‌و بڵاوكردنەوەی شیعرو بابەتی كوردی بوو، به تایبەتی له گۆڤاری (ژین)دا، كه له ئەستەمبووڵ دەردەچوو. بۆیه دەربارەی بایەخدانی عبد الله جەودەت بەم بابەتەی پیتی لاتینی، پیرەمێرد له وتارێكیدا ئاماژه به هەوڵەكان‌و ئاكامەكان‌و هۆكارەكانی ئەو كاره دەكات. به گرنگی دەبینم هەندێك بڕگەی لێ بگوێزمەوه، چونكه وەك هەموومان دەزانین كەس به ئەندازەی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ئەم بابەته سەروساختی نایەت، بۆیه پێم وایه دەبێ قسەو بۆچونەكانی ئەوو هاوشێوەكانی، له هەڵسەنگاندنی ئەم باسی بەكارهێنانەی پیتی لاتینیدا، به هەند بگیرێن:

پیرەمێرد له سەرەتاوه، ئاماژه بەو هەوڵ‌و لەسەرچوونەی عبد الله جەودەت دەكات‌و دەڵێت: "به ئیصراری (عبد الله جەودەت)ی كوردی دیاربەكر، حروفی لاتینیم كڕی‌و مەسرەفێكی قورسم كردو زۆرجار له (ژین) دا به (ئەلف با)كەی شیعری كوردیم پێ نووسی."دواتر ئاماژه بەسەرنەكەوتنی پرۆژەكه دەدات‌و دەڵێت:"چونكو زبانەكەمان پڕ بوو له عەرەبی و هێشتا نەبوبووه كوردی پەتی، بۆم نەكرا."

بەڵام وا دیاره لەو كاتەدا زۆر كەس گوێیان بەو ڕاستییه نەداوه، كه شێوەپیتی لاتینی بۆ نووسینی كوردی گونجاو نییه، بۆیه پیرەمێرد بێزاریی خۆی لەسەر ئەو لەسەرچوونه دەردەخات‌و دەڵێت: "ئێستا هەندێك هەڵساون‌و زمان‌و ئیملاكەیان كردووین به پەندو جاڕسیان كردووین، جوملەی عەرەبی بەئیملای كوردیی ئەنووسن، زۆر كەلیمەی وا هەیه ئیملاكەی بگۆڕی ئەبێ به كفرو جنێو."

پاشان ئاماژه به واقیعی ڕوناكبیریی ئەو سەردەمەی خۆی دەكات‌و دەری دەخات، كه بەكارهێنانی پیتی عەرەبی، هیچ گرفتێكی ئەوتۆی دروست نەكردووەو دەڵێت:"ئەم (سلێمانی)یه، تا زەمانی منیش، منداڵەكانی چوار زمانیان به دروستی‌و ڕێك‌و پێكی ئەزانی. تەحصیلمان به دەستوری كۆنی حاكمانی بەبه (بابان)، فارسی بوو. تابعییەتمان توركی بوو. خۆمان كورد بووین.

[57] ڕۆژی كورد، ژماره (٢)، له ١٩ی تەموزی ١٩١٣.

**هەموو تیجارەت و گوزەرانمان لەگەڵ بەغداد بوو. (واتە لەگەڵ عەرەب بوو)." پاشان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات، کە ئەو حاڵەت و واقیعەو بەکارهێنانی پیتی عەرەبیی، لە ڕێنوس و ئیملای کوردیدا، هیچ گرفتێکی لە بەردەمیاندا دروست نەکردووە، بۆیە دەڵێت:"ئینجا فارسیو کوردیو تورکیو عەرەبی زۆر تەبیعی بوو.. زبانی کوردیی بۆ هەموو جۆرە نوسینێك لە زۆریان ڕەوانترو بەماوە ترە. ئەتوانین سەربەخۆ، هیچ وشەیەکی بێگانەی تیا نەبێت، چی ئارەزوو بکەین، بیڵێین."[58]**

**لە جێیەکی ترو بۆنەیەکی تردا پیرەمێرد بە تایبەتی تر ناقۆڵایی نووسینی وشەو داڕشتنی قورئانیی بە پیتی لاتینی دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "عیباراتی عەرەبیی قورئانیی بکرێنە ئیملای لاتینی؟ دیارە سەرناگرێت. بەڵێ لە زمانی کوردیدا هەرچۆنی لێخوڕی، ئەبێ. بەڵام ئێمە ئیملای قورئانو زمانی ئەم هەموو قەومی عەرەبەمان چۆن بۆ ئەکرێت بەکوردی..؟"[59]**

### ١٠- بۆچوونی (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی فێرکردن):

**دوابەدوای دەنگۆی ئەوە، کە هەندێك کەس . وەك عبداللە جەودەت . پێشنیاری بەکارهێنانی شێوەپیتی (لاتینی)یان کرد، کۆمەڵەی (بڵاوکردنەوەی فێرکردنو چاکسازیی لە پیتەکاندا)، ڕونکردنەوەیەکی دوورودرێژی لە ژمارە (٢)ی (ڕۆژی کورد) زمانحاڵی کۆمەڵەی (هیوا)دا بڵاو کردووەتەوەو تیایدا لە وەڵامی هۆی دواکەوتنی موسڵماناندا بە گەلی کوردیشەوە، دەڵێت:"هۆی دواکەوتنی موسڵمانان ئەرزی نوسینەکەیانە... هۆکاری هەرەزەقی دواکەوتنی ئێمەی موسڵمان، کەمو کورتیو ناتەواوی پیتەکانمانە.. هەندێك پیتی لاتینیو ئەرمەنیو سلاڤییان پێ گونجاوە، هێندیکیش ئەمە بە خراپو زیانبەخش دەزاننو دەڵێن: کورد موسڵمانەو دەبێ وەك هەموو نەتەوە موسڵمانەکانی جیهان، بە هەمان پیتی عەرەبی بنوسین. دیارە بۆچونی یەکەم ناکرێت قبوڵ بکرێتو ڕەوا نیە... بەمکارە موسڵمانەکان تەفرو توونا دەبن و ئاسەواریان نامێنێت... نوسینی کوردی بە پیتی غەیرە عەرەبی، واتە: شێواندنی زمانی کوردی. بۆیە، لە بەر ئەوەو زۆر هۆکاری تری بنەڕەتیی، نوسین بە پیتی بیانی بۆ زمانی نەتەوە موسڵمانەکان مەترسیدارو نالەبارە.. ناڵێین: ناکرێ. دەڵێین نالەبارە، چونکە ئەگەر بیر لەنەتەوایەتیو (میللەت)و (موسڵمانێتی) نەکرێتەوەو خۆمانی لێ لادەین، دەکرێت.**

**کەواتە نابێت هیچ نەتەوەیەکی موسڵمان بە غەیری پیتی عەرەبی بنوسێت. بەڵام دەمێنێتەوە ئەوە کە ئەو پیتە عەرەبییانە بەجۆرێك چاککرێن کە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی نەتەوە موسڵمانەکاندا گونجاو بن. بۆ ئەوەی پەیوەندییە هەرە مەزنەکەی نێوان میللەتە موسڵمانەکان بپارێزرێو پێشکەوتنو سەرکەوتنیان دەستەبەر بێتو لە یەکتر دانەبڕێنو دوور نەکەونەوە. ئەمە چاکترین چارەسەرو گونجاوترین ڕێگایە ... دەتوانین پیتە عەرەبییەکان بەجۆرێك بگونجێنین کە لەگەڵ دەنگی زمانەکانی کوردی و تورکی.. هتد، گونجاوو لەبار بن. ئێمە بۆ سەلماندنی ئەمەش ئامادەین.."**

---

[58] ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، ١/٢٠.

[59] پێشەکی ڕۆژنامەی گێتی تازە، خولی دووەم، لا: ٨.

**ناوبراو کۆتایی وتارەکەی بەم دوعایە دەهێنێتو دەنوسێت: "خوایە! هەموو نەتەوە موسڵمانەکان بۆ پێشکەوتنو کامەرانی موەففەق بکە. ئامین بە حورمەتی گەورەی پێغەمبەران (صلی الله علیه وسلم).[٦٠]**

**١١- (مستەفا نەریمان)یش ساڵی ١٩٨١لەم بارەیەوە هاتووەتە دەنگو پێیوایە هەرچەند نووسینی لاتینی ئەو باشییەی هەیە، کە بۆ هەر دەنگێك پیتی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەویش بێ گرفت نییە، بۆ نموونە: "بۆ لێکجیاکردنەوەی هەندێك دەنگ، دروشمی تایبەتی دادەنرێت... هەروەها سێ چەشنە ئەلف وبێی جیاوازی هەیە." لە سەرێکی ترەوە هەمان سەرنجی ئیسماعیل حەقیو پیرەمێرد بە شێوازێکی تر دەربارەی زیانگەیاندنی لاتینی بە کەلەپوور دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: "ئەمجۆرە پیتە بۆ دەربڕینو نووسینی ئەو هەموو کەلەپوورە ئاینییە یەکناگرنەوە، کە لە دێرزەمانەوە بۆمان ماوەتەوە، هەروەها ئەو ئامانجەی کە کاتی خۆی پاڵی بە مستەفا کەمالەوە[٦١] نابوو بۆ ڕووکردنە لاتینی، لەدڵی گەلی ئێمەدا شوێنەوارێکی نیە."[٦٢]**

**١٢- لە کۆتاییدا ئەگەر بەڵگەی واقعیی بێنینەوە بۆ پرسی ئەلفبێو ڕێنووسی کوردیی، لە ڕووی چەندێتیو چۆنییەتی گرفتەکانییەوە، دەتوانین کوردستانی باشوور بکەینە نموونە، دیارە وەك دەبینین لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوەو بەدرێژایی ساڵانی سییەکان تا ئێستە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبو بڵاوکراوە دەرچونو بە پیتی عەرەبی بابەتی کوردییان نووسیوەو غەیری هەندێك وردە گرفتی بزوێنو ئاخاوتنی هەندێك پیت نەبێت، کێشەیەکی ئەوتۆ لەسەر بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بەگشتی ڕووی نەداوە. گۆڤارەکانی ژین، تێگەشتنی ڕاستی (١٩١٨)، گۆڤارەکانی سەردەمی شێخ مەحمود: (ئومێدی ئیستقلال، بانگی حەق، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان) (١٩٢٢- ١٩٢٤) گۆڤاری دیاری کوردستان، (١٩٢٥).. لە هەموو ئەوانەدا پاش گەشەکردنێکی پلە بە پلە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفبای عەرەبی بە هۆی هەندێك چاکسازیی کە دەکرا، ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرت.**

**گۆڤاری (دیاری کوردستان) لەسەر دەستی (تەوفیق وەهبی) (کەسایەتی ناوداری سلێمانیو وەزیری ئابوریو وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق لە سەردەمی شاهەنشایی (١٨٩١- ١٩٢٤)، جارێکی تر بە پێچەوانەی بۆچوونە پێشووەکانی خۆیەوە زانستییانە بابەتی ئەلفبای ورووژاندو لە ژمارە (٥) و (٦)ی ئەو گۆڤارەدا بە توندی داکۆکی لە پیتە عەرەبییەکان کردو جەختی کردەوە کە زۆر گونجاون بۆ زمانی کوردی و زۆر دژی ئەو بۆچوونە وەستایەوە کە بانگەشە بۆ بەکارهێنانی پیتی لاتینی دەکاتو سەلماندی کە چەندە وردە گرفتمان لەگەڵ پیتی عەرەبی هەن، زیاتر لەوە لەگەڵ پیتی لاتینیش گرفتمان بۆ دروستدەبێت. جگە لەوە ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەو جۆرە گرفتەی ئێمە هەمانە لە بەکارهێنانی پیتی عەرەبیی بۆ کوردی، هەموو نەتەوەکانی تریش ـ وەك فارس و تورك و بەلووچ ـ هەیانە، بەڵام بە کەمێ دەسکاری یەوە گونجاندوویانە.[٦٣]**

---

٦٠ ژمارە (٢)ی گۆڤاری ڕۆژی کورد ١٤/شعبان/١٣٣١، بەرامبەر ساڵی ١٩١٣ زاینی، لا: ١٤- ١٥.

٦١ مستەفا کەمال ئەتاتورك ساڵی ١٩٢٩ لە هەڵمەتێکی بەربڵاودا، لەگەڵ قەدەغەکردنی دیمەنە ئیسلامییەکانی وەك: بانگدان و مێزەرو باڵاپۆشی و لەچکی سەری ئافرەتانو سەپاندنی شەپقەی ئەوروپی، نووسین بە پیتی عەرەبیی بە یەکجاریی قەدەغە کرد. ئەتاتورك بەوکارە شۆڤێنییەی کۆمەڵگەی تورکیای هاوچەرخی لەکەلەپورو ڕابردووی سەدان ساڵەی خۆیان دابڕی.

٦٢ مستەفا نەریمان، ڕێنووسی کوردیی، لا: ٢٣.

٦٣ بڕوانە هەردوو ژمارەی ٥ و ٦ ی گۆڤاری (دیاری کوردستان)، لە ئایاری ١٩٢٥، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠١).

دواتر (تەوفیق وەهبی) ئەو سەرنجانەی خۆی کردە کتێبێك بە ناوی (دەستوری زمانی کوردی، جزمی یەکەم)و لە ١٩٢٩ چاپ کرا. پاش چەند ساڵێك و لە ١٩٥٦ لە بەیروت سەرپەرشتی دروستکردنی چەند پیتێکی کوردیی کرد، کە پێویستیی ڕێنووسی نوێی کوردیی بوون. کاتێکیش ئامێری (لاینۆ تایپ) هاتە بەغدا، داوای کرد لە هونەرمەندی نیگارکێش (بەدیع باباجان) کە پیتە کوردییەکان لەسەر پارچە کارتۆن بنوسێ، پاشان بە (مایکرۆفیلم) وێنەی گرتن‌و ناردنی بۆ ئەڵمانیاو دروست کران‌و ساڵی ١٩٥٧ ئامادە کران‌و گۆڤاری (پێشکەوتن) بەدوایدا چاپ کرا.[٦٤]

لەو گۆڤارەدا کەسایەتی ناودارو بە توانا (ئیسماعیل حەقی شاوەیس (١٩٧٦-١٨٩٦) بە هەمان جۆر پشتیوانی لە پیتی عەرەبی‌و بەکارهێنانی بۆ کوردی دەکاو چەند پێشنیارێکی دیاریکراو دەخاتە ڕوو بۆ نمونە دەڵێت: "پیتی (پ) و(ص)ی عەرەبی بکەینە (س). پیتەکانی (ژ، چ، ڤ) بکەینە (ز)، پیتی(گ) بکەینە (ت)و بە ئاسانی بەکوردی دەنوسرێن. ناوبراو تێبینییەکی زۆر جوانی هەیە، دەڵێت: "عەرەب خۆیان ئەم کارەیان کردووە. زۆر وشەو زاراوەی بێگانە هاتووەتە زمانەکەیانەوە، لەگەڵ پیتی خۆیان گونجاندوویانە، بۆ نمونە: لە جێی (پاشا) وتویانە (باشا)، لە جێی (چەرکەس) وتویانە (شەرکەس).[٦٥]

## کۆتایی‌و سەرەنجام

بە پێی ئەم توێژینەوەیە، بەم سەرەنجامانە دەگەین:

١- نەتەوەی کورد لە سەردەمی مادەوە، خاوەنی زمان‌و نووسینی خۆی بووەو زۆربەی توێژینەوەکان، کتێبی (ئاوێستا) بە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دێننەوە.

٢- هەندێك سەرچاوەی عەرەبی، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تا سەدەی یەکەمی کۆچی/ شەشەمی زاینی، کورد، ئەلفبێ‌و شێوە پیتی تایبەت بە خۆی-تەنانەت کتێب‌و بەرهەمی تایبەت بە خۆیشی- هەبووە.

٣- لە سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام‌و بەکارهێنانی پیتی عەرەبییەوە، تا سەردەمی هاوچەرخ، ئەلفبێ‌و ڕێنووسی کوردیی، ئاڵ‌و گۆڕی زۆری بەسەردا هاتووەو گەشەی زۆری کردووەو کەم کەم گرفتەکانی چارەسەر کراون.

٤- گومانی زۆر دەبرێت کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا، هەندێك لە زاناو ڕووناکبیرانی کورد، سوودیان لە ڕێنووسی هەندێك لە نەتەوەکانی دی - وەك ئایگۆرییەکان- وەرگرتبێت.

٥- سەبارەت بە نووسین بە پیتی لاتینی، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، مشت‌ومڕی زۆری لەسەر بووەو نووسەرو ڕووناکبیرانی کورد، لایەنە ئەرێنی‌و نەرێنییەکانیان، خستووەتە ڕوو.

٦- لە هەموو بارەکاندا، ئەلفوبێی کوردی، لایەنێکی گرنگی کلتووری نەتەوەکەمانە، گەنجینەی پڕ لە دوڕی ئەم کەلتوورە، بەو ئەلفبێیەی ئێستە نووسراوەتەوەو پارێزراوە، هەروەك ئەو شێوە ئەلفبێ‌و ڕێنووسە هۆکاری گرێدانی فەرهەنگ‌و کلتوورەکەمانە بە فەرهەنگی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە. بۆیە بیرکردنەوە لە گۆڕینی ئەو شێوازە، یەکسانە بە دابڕان لە تان‌و پۆی واقعو مێژوو، واتە هەم لە ناوچەکە، داماندەڕێت، هەم لە مێژووی دەوڵەمەندی نەتەوەکەشمان دوورمان دەخاتەوە.

---

٦٤ بڕوانە: هیوا حمید شریف، توفیق وهبی، حیاته ودوره السیاسي والثقافي، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل: ١٤٥.

٦٤ بڕوانە هەردوو ژمارەی ٥ و ٦ ی گۆڤاری (دیاری کوردستان، لە ئایاری ١٩٢٥.

## ليستی سەرچاوەكان:

### سەرچاوە كوردییەكان:


١- بەدران ئەحمەد حەبیب، ڕێنووسی یەكگرتووی كوردیی، بەدران، چاپی٢، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢- جەمال نەبەز، نوسینی كوردیی بە لاتینی، بەغدا، ١٩٥٧.

٣- حامید فرەج، ڕێنوسی كوردیی لە سەدەیەكدا، بەغدا، ١٩٧٩.

٤- ژمارە (١)ی گۆڤاری هاوار، (١٥)ی ئایاری ١٩٣٢.

٥- ژمارە ١٣ی گۆڤاری (هاوار) لە ١٩٣٢ .

٦- ژمارە ٤ ی (ژین)، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٦.

٧- ڕاسپاردەكانی كۆنفرانسی (بەرەو ڕێنووسێكی یەكگرتووی كوردی)، ئەكادیمیای كوردی، هەولێر، ٢٠١٠.

٨- ڕەفیق سالْح، دیاری كوردستان، ئایاری ١٩٢٥، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠١.

٩- ڕۆژنامەی گێتی تازە، خولی دووەم.

١٠- ڕۆژی كورد ژمارە ٢، ١٩ تەموزی ١٩١٣.

١١- ڕۆژی كورد، ئامادەكردنی عبد الله زەنگەنە، بنكەی ژین، ٢٠٠٥.

١٢- گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ساڵی ١٩٤٤.

١٣- گۆڤاری هەتاوی كورد، ٢٤/١٠/ ١٩١٣.

١٤- گیوی موكریانی، ئەلف و بێی كوردیی وێنەدار بە پیتی لاتینی، هەولێر، ١٩٧٢.

١٥- فەرهاد شاكەلی، زمانی كوردی لە ئاستانەی سەردەمێكی تازەدا، هەولێر، ئاراس، ٢٠١١.

١٦- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردیی، چاپی ٢، ئاراس، ٢٠١٠.

١٧- مەردۆخی كوردستانی، تاریخی مەردۆخ، تاران، نەشری كارنگ.

١٨- مەعروف جیاووك، بەرگی ئیملای كوردیی، بەغدا، ١٩٣٠.

١٩- مستەفا نەریمان، ڕێنووسی كوردیی لە ڕەگ و ڕیشەوە، بەغدا، ١٩٨١.

٢٠- ئەلبرێت فۆن لۆكۆك، تێكستی كوردی، پ: نەجاتی عەبدەڵڵا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢١- ئومێد ئاشنا، پیرەمێردو پێداچونەوەیەكی نویٚ بە ژیان و.. چاپی٢، ئاراس، ٢٠٠٩.


### سەرچاوە عەرەبییەكان:


١٠- جليلی جليل، نهضة الأكراد الثقافية والقومية، بيروت، ١٩٨٦.

١- ابن وحشية النبطي، شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، بيروت، دار الفكر، ٢٠٠٣.

٢- بدران السندي، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي.

٣- زنار سلوبي، مسألة كوردستان، بيروت، ١٩٧٧.

٤- صلاح سعد الله، حول اللغة العربية.

٥- م. س. لازاريف، تاريخ كردستان، ترجمة: د. عبدي حاجي، دهوك، ٢٠٠٦.

٦- ماليسانژ، القومية الكردية.

٧- محمود الجبوري، نشأة الخط العربي، ١٩٧٤.

٨- هۆگر طاهر توفيق، الألفباء الكردية بالحروف العربية، الدار العربية، بيروت، ٢٠٠٦.
٩- هيوا حميد شريف، توفيق وهبي، حياته ودوره السياسي والثقافي، ذين، السليمانية، ٢٠٠٦.

**سەرچاوەی فارسی:**

١- پرويز نادر خانلری، تاريخ زبان فارسی.
٢- دائره المعارف بزرگ إسلامی، تهران، ١٣٨٧ هـ.ش، ١٠/ ٤٦٠ – ٤٦٢.

**سەرچاوەی تورکی:**

١- سعيد نورسی، ئيكی مكتب مصيبت شهادتنامەسی، استنبول.


## ملخص البحث بالعربية

**هناك كتابات عديدة حول نشوء الألفباء الكوردية والتحولات الطارئة عليها. ولكن لقلة المصادر الموثوقة في المتناول، غلب التكهّن حول منشأ الألفباء الخاصة بالكرد، على معظم الدراسات القائمة حولها.**

**ولكن مما لاشك فيه أن حركة الإملاء بخط معين لكل قوم، تمرّ بمراحل متطورة.. وليست الكتابة الكردية بمستثناة من هذه الحالة، فلقد تطورت عبر قرون. فأغلب الظن أن الكورد كانت لهم كتابة خاصة إبان الدولة المادية في القرن السابع الميلادي. فلقد تحدث ابوبكر ابن وحشية النبطي (ت: ٨٢م) عن وجود ألفباء كردية قبل وأثناء وبعيد الحكم الإسلامي إلى بداية الحقبة الأموية. فلقد نشر صورة لألفباء سماها (رسم قلم الأكراد).[٦٦]**

**وبمجيء الإسلام استعمل الكرد الأحرف العربية، ثم طوروها عبر الزمن، فزادوا فيها أحرفا وأشكالا كي تنسجم مع التلفظ الكردي، إلى ان استقرت على هذه الحالة التي هي عليها الآن، رغم أنها بحاجة إلى تطور أكثر.**

## Abstract

There are many studies on Kurdish Alphabets and their alterations. However, due to the rarity of trust-worthy references, most relevant studies highly depended on predictions and guesses.

ndoubtedly, dictation and writing systems of every nation, including the Kurds, undergoes several advanced stages over centuries. The dominant postulation states that the Kurds had their own writing Alphabet during the time of the Median Empire in the seventh century. In the year 820, Abubakr Al-Nabatti talked about a Kurdish Alphabet before, during and after the Islamic Reign till the Ommiad era. He published the drawing of an Alphabet named Drawing Kurdish Pen (See the attachment).

After the Islamic conquest, the Kurds started using Arabic letters. They developed their letters throughout the history, and they added new letters and signs that would go with the Kurdish pronunciation till it settled in its current status. Nonetheless, it needs further development.


٦٦ راجع نهايه البحپ، حيپ نموژج من صوره تلك الٓلفباو.


الفبای
كرمانجى
محررى
خليل خيالى
موطكى
طابعى
كردى زاده
احمد رامز
سال
١٣٢٥

**نمونەی بەرگی یەکەم کتێبی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی،**
**کە خەلیل خەیالی ساڵی (١٩٠٩ ز) لە ئەستەمبوڵ چاپی کردووە. (سەرچاوە: ئەرشیفی نووسەر)**


یا الله

یا فتاح یا رزاق

ا ب پ ت ث ج چ ح

خ د ذ ر ز ژ س ش

ص ض ط ظ ع غ ف ڤ

ق ك گ ل م ن و ه

لا ي

**نمونەیەك لە (ئەلفبێ)کەی خەلیل خەیالی لە کتێبەکەی (ئەلفبای کرمانجی)دا**



**نمونەیەك لە ڕێنووسی مەولانا خالیدی شارەزوری کە لە ساڵی ١٨١٨ ی زانییەوە لە کتێبەکەیدا (لب العقائد) هەندێ دەنگی وەك (پ، چ، ـە..) بەکار هێناوە. (سەرچاوە: الألفباء الکردية بالحروف العربية، هۆگر طاهر توفيق)**



5\5- مەئنىينى يەزىد رەزىيەللاھۇ ئەنھۇدىن رىۋايەت قىلىندۇكى: دادام يەزىد سەدىقە قىلىش ئۈچۈن مەسجىد ئىكى بىر كىشىگە دىنارلارنى قويۇپ قويۇپتۇ. مەن مەسجىدگە كىلىپ ئۇنى ئالدىم. ئاندىن دادامنىڭ قىشىغا كەلدىم. دادام: الله نىڭ نامى بىلەن قەسەم قىلىمەنكى، مەن ساڭا بىرىشنى نىيەت قىلمىغان ئىدىم- دىدى. بىز تالاش – تارتىش قىلىپ پەيغەمبەر ئەلەيھىسسالامنىڭ قىشىغا كەلدۇق. رەسۇلۇللاھ :« ھەي يەزىد، سىنىڭ نىيەت قىلغىنىڭنىڭ ئەجرى ساڭا بولدى. ھەي مەئن سىنىڭ ئالغىنىڭ ساڭا بولدى». دىدى. (بۇخارىدىن)

6\6- ئىسھاقنىڭ دادىسى سەئد ئىبنى ۋەققاس رەزىيەللاھۇ ئەنھۇدىن رىۋايەت قىلىندۇكى: ھەججەتۇل ۋىدا ( ۋىدالىشىش ھەج يىلى ) دا مەن قاتتىق كىسەل ئىدىم. پەيغەمبەر ئەلەيھىسسالام مىنى يوقلاپ كەلدى، مەن : ئى الله نىڭ پەيغەمبىرى، سىلى كىسەلنى كۆرۈپ تۇرۇپىلا مەن بولسام كۆپ ماللىق ئادەم، مىنىڭ بىرلا قىزىمدىن باشقا مىراسخورۇم يوق، شۇڭا ماللىرىمنىڭ ئۈچتىن ئىككى قىسمىنى سەدىقە قىلايمۇ؟- دەپ سورىدۇم.

ياق- دىدى پەيغەمبەر ئەلەيھىسسالام. مەن :شۇنداق - يىرىمىنى سەدىقە قىلايمۇ ؟ - دىدىم. – ياق- دىدى پەيغەمبەر ئەلەيھىسسالام. ئەمسە ئۈچتىن بىرى بولسۇن دىدىم. پەيغەمبەر ئەلەيھىسسالام :« ئۈچتىن بىرى بولسۇن ، ئۈچتىن بىرىمۇ كۆپتۇر ياكى چوڭدۇر. سىنىڭ ۋارىسلىرىڭنى باي ھالەتتە قويۇپ قويۇشۇڭ، ئۇلارنى كىشىلەرگە مۇھتاج قىلىپ كەمبەغەل ھالەتتە قويۇپ قويۇشىڭدىن ياخشىدۇر. جەزمەن الله رازىلىقى ئۈچۈن قىلغان ھەر قانداق خىراجەت ، ھەتتا ئايالىڭنىڭ ئاغزىغا سالغان نەرسەڭگىمۇ ئەجىر ئالىسەن» دىدى. مەن: ئى الله نىڭ پەيغەمبىرى، مەن كىسەل سەۋەبى بىلەن بۇرادەرلىرىمدىن ئايرىلىپ كەينىدە قالارمەنمۇ[2]؟ دىدىم. پەيغەمبەر ئەلەيھىسسالام :- « سەن كەينىدە قالغان تەقدىردىمۇ ، قانداق بىر ئەمەلنى قىلىدىكەنسەن. مەن بىلەن بىللە كەتكۈچىلەرگە ئوخشاش ئۇز ئەمەلىڭ بىلەن دەرىجىڭنى ھەم ئۈستۈنلىكىڭنى ئاشۇرىۋىرىسەن. ئىھتىمال سىنىڭ بۇ يەردە قىلىشىڭ

**نمونەیەك لە ئەلفبێو ڕێنووسی زمانی (ئۆیغۆری) لە توركستانی چینیی (ئەرشیفی نووسەر).**



صفة قلم آخر من الأقلام القديمة وفيه حروف زايدة
عن القواعد المعروفة تدعي الأكراد وتزعم انه القلم
الذي كتبا به بنوشاد وماسي السوراني جميع علومهما و
فنونهما وكتبهما بهذا القلم وهذه صورته كما ترى

وباقي هذه الحروف لم نجد لها نطق ولا مثال في
لغة ولا قلم وهو من الأقلام العجيبة والرسوم الغريبة وقد
رايت في بغداد في نادوس من هذا الخط نحو ثلثين كتابا وكان
عندي

**شێوەی ئەلفبێی کوردی سەردەمی پێش ئیسلام، بە پێی بۆچوونی (أبوبكر ابن وحشية النبطي) لە کتێبەکەیدا: (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام). (ئەرشیفی نووسەر).**